# قانوونە ستانداردەکانی
# ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

ناساندن.......... 2
پێشینە و بارودۆخی ئێستا ............. 2
گرفتی کار کردنی لەش لە ڕابوردوو و ئێستادا ................ 4
چارەسەرییەکانی پێشووی نێونەتەیی .............. 5
بەرەو ڕێگەی قانوونە ستانداردەکان ... 6
مەبەست و ناوەڕۆکی قانوونە ستانداردەکان ......... 6
بۆچوونی بنەڕەتی لە سیاسەتی کەمئەندامیدا ........ 6
گرفتی کار کردنی لەش و کەمئەندامی ............ 7
چارەسەرییەکانی پێش گرتن ...........9
چاکسازی ............... 9
بەشداری و یەکسانی ........ 9
دەستپێک ............... 10
I، بارودۆخەکانی ئاست بەشداری بە مەرجی یەکسان .............12
قانوونی 1، بەرز کردنەوەی وشیاری ................ 12
قانوونی 2، پاراستنی دەرمانی و شەفا ............. 13
قانوونی3، چاکسازی .......14
قانوونی 4، پشتیوانی و خزمەتگوزاری .............15
II، بوارە سەرەکییەکانی ئاست بەشداری بە مەرجی یەکسان ... 17
قانوونی 5، لەبەردەستدابوون ....... 17
ئا) دەستڕاگەیشتن بە باری دەرەوەی ژینگە ...... 17
ب) دەستڕاگەیشتن بە زانیاری و پێوەندی ......... 18
قانوونی 6) فێر کردن و ڕاهێنان ......... 19
قانوونی 7) کار ...... 20
قانوونی 8) ئاسایشی ئابووری وکۆمەڵایەتی ......22
قانوونی 9) ژیانی بنەماڵەیی و سەربەخۆیی کەسایەتی ......... 23
قانوونی 10) کولتور ................ 24
قانوونی 11) نوێ کردنەوەی هێز و وەرزش ....... 24
قانوونی12) ئایین ......... 25
III، جێبەجێ کردن......... 26
قانوونی 13) زانیاری و توێژینەوە ................ 26
قانوونی 14) ڕێباز و پلان داڕشتن ........ 26
قانوونی 15) پەسەند کردنی قانوون ................ 28
قانوونی 16) سیاسەتی ئابووری ......... 29
قانوونی 17) هاوئاهەنگی ...........30
قانوونی 18) ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان .......... 31
قانوونی 19) ڕاهێنانی کارمەندان ........ 32
قانوونی 20) هەڵسەنگاندن و نرخاندنی بەرنامەی کەمئەندامی لە پێوەندی لەگەڵ جێبەجێ کردنی قانوونە ستانداردەکاندا ........ 33
قانوونی 21) هاوکاری تێکنیکی و ئابووری ......... 34
قانوونی 22) هاوکاری نێونەتەوەیی .............. 35
IV، چاوەدێری و نرخاندن...........35

## ناساندن

### پێشینە وبارودۆخی ئێستا

### گرفتی کار کردنی لەش لە ڕابوردوو و ئێستادا

(1

لە هەموو بەشەکانی جیهان، لە هەر وەڵاتێک لە ڕادەی گشت چینە کۆمەڵایەتییەکاندا مرۆڤانێک هەن کە تووشی گرفتی کار کردنی لەشن. ژمارەیان لە جیهاندا مەزنە و ڕوو لە زۆر بوون دایە.

(2

هۆیەکانی گرفتی کار کردنی لەش و ئاکامەکانی لە هەر بەشێک لە جیهاندا جۆراوجۆرە. جیاوازییەکان بەستراونەتەوە بە چۆنییەتی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە و، بەوە کە دەوڵەتەکان کام ڕێگەی چارەسەر کردن بۆ خزمەتگوزاری هاووەڵاتیانی خۆیان دەگرنە بەر.

(3

سیاسەتی ئێستای کەمئەندامەتی، ئاکامی پەرەسەندنی ماوەی 200 ساڵەی ڕابوردوویە. ئەو پەرەسەندنە لە زۆر شێوەوە، ڕەنگدەرەوەی ستانداردی ژیانی گشتی و، سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە لە قۆناخە جۆراوجۆرەکاندا.
بەڵام لە بواری کەمئەندامەتیدا، زۆر فاکتەر هەیە کە کاری کردوەتە سەر دۆخی ژیانی ئەو مرۆڤانەی تووشی گرفتی کار کردنی لەشن. نەزانی، بێلایەنی، خۆرافات و ترس ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتیانەن کە لە ئاست مێژوویەوە خەڵکی خاوەن گرفتی کار کردنی لەشیان تەریک هێشتۆتەوە و، دەرفەتی پەرەسەندیانی وەپاش خستوە.

(4

سیاسەتی کەمئەندامەتی لە ماوەی ساڵانێکدا لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە پەرستاری کردن لە بنکەگەلی تایبەت بۆ پێشکەش کردنی ڕاهێنانی ئەو منداڵانەی تووشی گرفتی کار کردنی لەشن و، توانایی بەخشینەوەی ئەو کەسانەی لە تەمەنی گەورەساڵیدا تووشی گرفتی کار کردنی لەش بوون، پەرەیگرتوە. لە ڕێگای فێر کردن و توانایی بەخشینەوە، خۆیان توانیویانە چالاکتر ڕەوتی گەشەپێدانی سیاسەتی کەمئەندامەتی بەرەوپێش ببەن.
ئەوان، بنەماڵەکانیان و نوێنەرانیان دەستیان کرد بە دامەزراندنی ڕێکخراوەیەکی کە بۆ باشتر کردنی بارودۆخی ئەو مرۆڤانەی تووشی گرفتی کار کردنی لەش بوون خەباتی دەکرد. دوای شەڕی دووی جیهانی، زاراوەی سەربەخۆیی کەسایەتی و ئاسایی کردنەوە هێنرایە ئاراوە، کە ئەوە زاراوەیەک بوو لە پێناو ئەو ئاگادارییە ڕوو لە زۆر بوونەی ئاست توانایی و بارودۆخی ئەو مرۆڤانە.

(5

لە کۆتایی ساڵەکانی 1960دا، ڕێکخراوەکانی کەمئەنداما‌ن لە چەند وەڵاتانێک دەستیان بە دارشتنەوەی سەرلەنوێی زاراوەی کەمئەندام کردەوە. ئەو زاراوە نوێیە، ئاماژەی بەو پێوەندە نزیکەی دەکرد، کە لە نێوان ئەو سنوورەی مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش لە چوارچێوەی شکڵ گرتن و ناوەڕۆکی ژینگەدا ئەزموونیان دەکرد، لەگەڵ ئەو بۆچوونەی لای خەڵکانی ئاسایی هەبوو.
هاوکاتیش مەسەلەی کەمئەندامی لە وەڵاتانی گەشەسەندوودا پتر و پتر بەرز کرایەوە. لە هێندێک لەو وەڵاتانەدا ژمارەی دانیشتوانی خەڵکانێکی تووشی گرفتی کار کردنی لەشن، یەکجار زۆرن و زۆربەی زۆری ئەوانەش لە خەڵکی هەرە هەژارن.

## چارەسەرییەکانی پێشووی نێونەتەوەیی

(6
نەتەوەیەکگرتوەکان و ڕێکخراوەکانی دیکەی نێونەتەوەیی، لە ماوەیەکی درێژخایەندا سەرنجێکی زۆریان داوەتە سەر مافەکانی ئەو مرۆڤانەی تووشی گرفتی کار کردنی لەشن.
گرینگترین ئاکام، ساڵی 1991 ساڵی نێونەتەوەیی کەمئەندامی، بەرنامەی چالاکیی جیهانی بۆ کەمئەندامان بوو کە وەک بڕیاری 52.37 لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی گشتییەوە پەسەندکرا. ساڵی کەمئەندامی و چالاکیی جیهانی یارمەتییەکی بەهێزی کرد کە لەم بوارەدا هەنگاوی گرینگ هەڵهێندرێتەوە.
هەر دوو لایەن جەختیان کردە سەر ئەوە کە خەڵکانێکی تووشی گرفتی کار کردنن، مافی ئەوەیان هەیە کە هەمان دەرفەتی هاووەڵاتیانی دیکەیان پێبدرێ و، لە هەلومەرجەکانی ڕوو لە گەشەسەندنی ژیاندا کە ئاکامی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتییە، بەشی یەکسان وەرگرن.
لێرەدا بۆ یەکەمجار مانای کەمئەندامیی، وەک پێوەندی نێوان مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و، دەورووبەریان باس کرا.

(7
کۆبوونەوەی پسپۆڕانی مەسەلەکانی کەمئەندامیی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان، لە ساڵی 1987دا لە ستۆکهۆڵم بەسترا. لەوێ پێشنیارکرا بۆچوونێک گەشەی پێبدرێ کە ڕێخۆشکەری ئەوە بێ، چ شتێک دەبێ لە ماوەی ئەو ساڵانەی داهاتوودا وەپێش بخسترێ.
بنچیننەی ئەو شتە، ئەوەیە کە مافی یەکسانی مرۆڤی تووشی گرفتی کار کردنی لەش لەگەڵ خەڵکانی تردا، دانی پێدا بهێنرێ.

(8
کۆبوونەوەکە ڕایسپارد ئەنجومەنی گشتی دەبێ کۆنفەرانسێکی تایبەت بێنێتە ئاراوە کە ئەرکەکەی داڕشتنی گەڵاڵەیەک بێ بۆ قانوونێکی نێونەتەوەیی.
ئامانج دەبێ لەناوبردنی هەموو جیاوازیدانانێک بێ کە دژی مرۆڤی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش بەکاردەهێندرێ و، قانوونەکە دەبێ لە کۆتایی قۆناخی دەساڵەی کەمئەندامیی، لە بوونی هەموو دەوڵەتێک پاک بێتەوە.

9) گەڵاڵەیەک بۆ دەقیی قانوونێک لە لایەن ئیتالیاوە ئامادەکرا و، پێشکێشی دانیشتی چل و دووی ئەنجومەنی گشتی کرا. هەروەها، پێشنیارێکی دیکەش لە ماوەی چل و چوارەمین دانیشتنی ئەنجومەنی گشتی لە ئاست قانوونێک لە لایەن سویدەوە پێشکێش کرا.
لەو دوو دەرفەتەدا، یەکڕایی لە ئاست پێویستی بە قانوونێکی ئاوا نەڕەخسا. زۆرێک لە نوێنەران پێیان وابوو کە داکۆمێنتەکانی بەردەستی ئاست مافی مرۆڤ، مافەکانی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەشیش وەک خەڵکانی تر بەربەست دەکا.

## بەرەو ڕێگەی قانوونە ستانداردەکان

(10
لە ژێر هەڵسەنگاندنەکانی ئەنجومەنی گشتی لە یەکەم دانیشتنی ئاسایی ئابووری و کۆمەڵایەتی ساڵی 1990دا، لە سەر ئەوە ڕێکەوتن، کە جەخت بکرێتە سەر گەشەپێدانی ئامرازێکی نێونەتەوەیی لە چەشنێکی دیکە.

لە بڕیاری 26/1990ی ڕۆژی 24ی مەیدا، ئەنجومەنی گشتی ئەرکی بۆ کۆمیسیونی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دیاری کرد کە لە ماوەی سی وسێهەمین دانیشتنی خۆیدا، دامەزرانی گرووپێکی کاری تایبەت بەراورد بکا کە ئەرکەکەی، وەئەستۆ گرتنی کاری ئامادە کردنی قانوونێکی ستاندارد بێ کە، هاوبەشی و یەکسانی بۆ منداڵ، گەنج و گەورەساڵانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش تێیدا گونجێندرا بێ.
گرووپی کارەکە دەبوایە لە پسپۆڕانی دەوڵەتی پێکهاتبا کە بەشدارییەکەیان لە ڕێگەی یارمەتی داخوازانەی ماڵییەوە دابین کرابا. کارەکە دەبا بە هاوکاری نزیکی ئۆرگانی یەکێتی پێوەندیدار، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە خۆبەخشەکان ، بە تایبەت ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان بێ.
ئەنجومەنی گشتی داوای لە کۆمیسیۆنیش کرد کە دەقی قانوونەکە ئامادە بکا کە بتوانرێ لە ساڵی 1993دا کاری لە سەر بکرێ و لە چل و هەشتەمین دانیشتنی ئەنجومەنی گشتیدا بنووسرێ.

(11
ئەو باس و لێدوانانەی دوایی، لە کۆمیتەی سێهەمی ئەنجومەنی گشتی لە ماوەی دانیشتنی چل و پێنجدا، نیشانیدا کە پشتیوانییەکی بەرفرەوان بۆ دەستبەکار کردن لە سەر قانوونە ستانداردەکان لە ئارادا بوو، بۆ ئەوەی بەشداری و یەکسانی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەستەبەر بکا.

(12
کاتێک کۆمیسیونی پەرەسەندن سی وسێهەمین دانیشتنی خۆی گرت، لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانەوە پشتیوانی لە مەیلی قانوونی ستاندار کرا و، باس و لێدوانەکان گەیشتنە ئەنجامی پەسەند کردنی بڕیاری 2/32 لە ڕۆژی 20ی فێبریوەری (شوبات) ی 1991دا، کە بڕیار درا گرووپێکی کاری گونجاو لەگەڵ بڕیاری 26/1990ی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەنجومەن دابمەزرێندرێ.

## مەبەست و ناوەڕۆکی قانوونە ستانداردەکان

(13
قانوونە ستانداردەکان بێجگە لەو ئەزموونانەی لە ماوەی قۆناخی دەساڵەی کەمئەندامەتی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان وەدەست هاتوە(1992 ـ1983) پەرەیسەندوە. بنچینەی سیاسی و ئاکارەکییەکانی ئەو قانوونانە، پێکهێنەری قانوونەکانی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤن.
ئەو قانوونانە، بریتین لە شی کردنەوەی گشتی مافەکانی مرۆڤ، کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی ئاست ئابووری، کۆمەڵایەتی و مافەکانی کولتوری، کۆنڤانسیونی نێونەتەوەیی ئاست مافە هاووەڵاتی و سیاسییەکان، کۆنڤانسیۆنی ئاست مافەکانی منداڵان و کۆنڤانسیونی ئاست لەناوبردنی هەموو چەشنە جیاوازییەک دژ بە ژنان، هەروەها پرۆگرامی ئاکسیۆنی جیهانی بۆ کەمئەندامان.

(14
هەرچەند قانوونە ستانداردەکان لە باری مافەوە تۆبزی نییە، دەتوانرێ ببێتە نەریتێکی نێونەتەوەیی، کاتێک لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە وەڵاتان وەک قانوونی مافی خەڵک، کەڵکی لێ وەر بگیرێ.
قانوونە ستانداردەکان، بۆ دەوڵەتەکان بە مانای ئەرکێکی ئاکارەکی و سیاسییە کە کۆمەڵگە لەگەڵ بارودۆخی مرۆڤی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش بگونجێنن.
لەوێدا پرینسیپە گرینگەکانی بەرپرسایەتی، کردەوە و هاوکاری تێدایە. بوارەکە وەک مانایەکی تەواوکەر بۆ چۆنایەتی ژیان و دەرفەتی گەیشتن بە بەشداری و یەکسانییەکی تەواو، ئاماژەی پێدەکرێ.

قانوونە ستانداردەکان، ئامرازێک پێشکێش دەکات کە دەتوانرێ لە ئاست گەڵاڵە کردنی سیاسەتی کەمئەندامەتی کەڵکی لێوەرگیرێ و، ڕێگەی چارەسەری گونجاو بە سوودی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و، ڕێکخراوەکانیان نیشان دەدا.
هەروەها ئەو قانوونانە، بناخەیەکی تەکنیکی و هاوکاری ئابووری نێوان وەڵاتانی ئەندام، نەتەوەیەکگرتوەکان و ڕێکخراوەکانی تری نێونەتەوەیی، پێکدێنن.

(15
مەبەستی قانوونەکان ئەوەیە کە دەستەبەر بکا کچان، کوڕان، ژنان و پیاوانێکی تووشی گرفتی کار کردنی لەش هاتوون، خاوەن هەمان ماف و ئەرکی هاووەڵاتیانی دیکەی کۆمەڵن.
لە هەموو کۆمەڵگەکانی جیهاندا هێشتاش هەر گیروگرفت لەگۆڕێدایە کە دەبێتە هۆی ئەوە کە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەرفەتی دابین کردنی ماف و ئازادییەکانیان نەبێ و، ئەوە بەشداری تەواویان لە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکاندا دژوار دەکا.
بەرپرسایەتی لەناوبردنی ئەو چەشنە لەمپەرانە، دەکەوێتە سەر شانی وەڵاتانی ئەندام. خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و ڕێکخراوەکانیان دەبێ دەورێکی چالاک لەو پرۆسەیەدا بگێڕن.
گونجاندنی کۆمەڵگە بۆ ئەو مرۆڤانە، یارمەتییەکی گرینگە بۆ هەوڵی گشتیی جیهانی کە سەرچاوەکانی مرۆڤایەتی ببزێوێ.
سەرنجی تایبەت دەبێ بدرێتە ژنان، پیران، هەژاران، کرێکارانی کۆچبار، خەڵکی خاوەن گرفتی زۆری کار کردنی لەش، خەڵکانی خۆجێ و گرووپە نەتەوەییەکان.
هەروەها، ژمارەیەکی زۆری کۆچبار هەن کە خاوەن گرفتی کار کردنی لەشن و، پێداویستییەکی تایبەتیان هەیە کە چاوەدێری بکرێن.

**بۆچوونی بنەڕەتی لە سیاسەتی کەمئەندامەتیدا**

(16
ئەو بۆچوونانەی لە ژێرەوە دێن لە بواری قانوونەکاندا کەڵکی لێ وەردەگرترێ. ئەو قانوونانە بە لانی زۆرەوە لە سەر ئەو بۆچوونانە دادەمەزرێن کە لە پرۆگرامی چالاکیی جیهانی لە ئاست کەمئەندامانداسوودی لێوەردەگیرێ. لە هێندێک حاڵدا ئەو قانوونانە ڕەنگدەرەوەی پەرەسەندنێکن کە لە ماوەی تێکۆشانی دە ساڵەی کەمئەندامەتی نەتەوەیەگرتوەکاندا ڕوویداوە.

**گرفتی کار کردنی لەش و کەمئەندامی**

(17
زاراوەی "گرفتی کار کردنی لەش" بە مانای ژمارەیەکی زۆری گرفتی کار کردنی جۆراوجۆری لەشە لە نێو گرووپەکانی خەڵکدا لە هەمووی جیهان. مرۆڤ دەکرێ بە هۆی گرفتی فیزیکی یان هۆشی، یان تووشی نەخۆشی بینایی ـ یان بیستن هاتن، یان نەخۆشی ـ بارودۆخی دەرمانی یان نەخۆشی فکری، خاوەن گرفتی کار کردنی لەش بێ. ئەو چەشنە گرفتییە، بارودۆخ یان نەخۆشیانە دەکرێ سروشتی هەمیشەیی یان تێپەڕیان هەبێ.

(18
"کەمئەندامی"، گرفتی یان سنووردار بوونی بەشداری کردن بە شێوەی خەڵکانی ترە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. "کەمئەندامی" بەرەورووبوونی نێوان خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و دەورووبەر باس دەکا.
مەبەست چەسپاندنی وشیاری و سەرنجدانە بە کەموکۆڕی ناو بوارەکانی جۆراوجۆری کۆمەڵگە، بۆ وێنە کەموکۆڕی لە ئاست زانیاری، پێوەندی و فێر کردن کە پێش بە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەگرێ کە بە مەرجی یەکسان بەشداری بکەن.

(19
کەڵک وەرگرتن لە دوو زاراوەی "گرفتی کار کردنی لەش" و "کەمئەندامی" کە لە پاراگرافەکانی 17 و 18دا شی دەکرێنەوە، دەبێ لە ژێر ڕووناکایی مێژووی نوێباوی کەمئەندامەتیدا چاو لێ بکرێ.
لە ماوەی 1970کاندا، دژ کردەوەیەکی بەهێز لە ئارادا بوو بەرامبەر بە ڕاوێژی دەکارهاتووی ئەو کات لە نێوان نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان و چالاکانی پیشەیی ناو بواری کەمئەندامەتیدا.
زاراوەی "گرفتی کار کردن" و "کەمئەندامەتی"، زۆر کاتان بە شێوەیەکی ناڕوون و چەواشە کەڵکی لێ وەردەگیرا، کە لە ئاست ستراتێژییە سیاسی و ڕێگە چارەسەرییەکان، ڕێنوێنییەکی چەوتی هێنا ئاراوە. ڕاوێژی دەکارهاتووی زمان، ڕەنگدانەوەی هەڵوێستێکی دەرمانی و زانستی دیاری کردنی نەخۆشی بوو، کە سەرنجی بەو کەموکۆڕیانە نەدەدا کە لە کۆمەڵگەدا هەبوون.

(20
ساڵی 1980 ڕێکخراوی ساخیی جیهانی(WHO)، پۆلێن کردنێکی نێونەتەوەیی لە ئاست گرفتی فیزیکی، نەخۆشی، گرفتی کار کردنی لەش و کەمئەندامی پێشکێش کرد کە هەڵوێستێکی وردتر، بەڵام هاوکات نەرمی دەستنیشان کرد.
ئەو پۆلین کردنە نێونەتەوەییەی ئاستی زیان، گرفتی فیزیکی، نەخۆشی، گرفتی کار کردنی لەش و کەمئەندامی، جیاوازییەکی ئاشکرای نێوان "گرفتی فیزیکی یان نەخۆشی"، "گرفتی کار کردنی لەش" و "کەمئەندامی" دادەنێ.
ئەوە بە ڕێژەیەکی بەرفرەوان لە بواری، هەوڵی چاک کردنەوە، فێر کردن، ئامار، سیاسەت، پەسەند کردنی قانوون، دێموگرافی، سوسیولۆژی، ئابووری و ئانترۆپۆلۆژیدا کەڵکی لێوەردەگیرێ.
ژمارەیەک کەڵکوەرگری ئەو پۆلێن کردنە هەستیان بە مەترسی کردوە، چونکە شی کردنەوەی زاراوەی "کەمئەندامی" ئێستاش دەکرێ پتر دەرمانیی بێ و بە شێوەیەکی بەهێز ئاماژەکەری تاکە کەس بێ و، ئەوە بە شێوەیەکی تێروتەسەل ڕووناکی ناخاتە سەر هاوئاهەنگی نێوان پێوەندی یان چاوەنواڕییەکانی کۆمەڵگە و توانایی مرۆڤی تاکەکەسەوە.
ئەو مەترسیانە و، ئەو شتانەی تری لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵانەی دوای بڵاوبوونەوەی پۆلێن کردنەوەی گوتراوە، کاتی چاو بەسەردا خشاندنی دەستەبەندی کردنەکە دەهێندرێنە بەر باس و گفتوگۆ.

(21
زیاد بوونی زانیاری و تێگەیشتنێکی پتر لە مەسەلەکانی کەمئەندامان و ئەو تێرمینۆلۆژییەی دەکار دەهێندرێ، بەرەبەرە پەرەی گرتووە.
ئەوە پێوەندی بەو ئەزموونانەی لە پێوەندی لەگەڵ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆگرامی چالاکی نێونەتەوەیی و، ئەو باس و لێدوانە گشتییەوە هەیە کە لە ماوەی قۆناخی دە ساڵانەی نەتەوەیەکگرتوەکان لە ئاست کەمئەندامەتیدا ڕوویدا.
ئەو تێرمینۆلۆژییەی ئیمرۆ کەڵکی لێ وەردەگیرێ، جەخت دەکات لەسەر ئەوەی کە پێویستە نیازی تاکەکەس (بۆ وێنە، چاک کردنەوە و ئامرازی یارمەتیدەری تەکنیکی) و کەموکۆڕییەکانی کۆمەڵگە، سەرنجی بدرێتێ .

## چارەسەرییەکانی پێش گرتن

(22
چارەسەرییەکانی پێش گرتن، ئەو چارەسەریانەن کە ئامانجیان پێشگری لە پەیدابوونی زیانی فیزیکی، هۆشی و ڕەوانی یان بینایی و بیستن دەکەن(پێش گرتنی سەرەتایی).
چارەسەرییەکانی پێش گرتن دەکرێ چەندین شێوە بن. دەکرێ خزمەتگوزاریی دەرمانیی سەرەتایی، خزمەتگوزاریی دایک و منداڵی ساوا، زانستی خواردنەمەنی، لێدانی واکسین بە دژی نەخۆشی گیرۆدەیی و چارەسەری بۆ زاڵبوون بەسەر نەخۆشییە خۆجێییەکاندا بێ.
دەکرێ چارەسەریی ئاسایشی و پرۆگرامێک بێ بۆ ئەوەی لە شوێنەواری جۆراوجۆردا پێشی ڕووداو بگیرێ؛ لێرە مەبەست گونجاندنی شوێنی کار کردنە، کە کەمئەندامیی لە کار و نەخۆشییەکاندا پێشیان پێ بگیرێ.
دەکرێ چارەسەری پێش گرتن بە گرفتی کار کردنی لەش ڕەچاو بکرێ کە بە هۆی پیسبوونی ژینگە و کێشەی چەکدارییەوە بووبێ.

## بەخشینەوەی توانایی

زاراوەی "بەخشینەوەی توانایی" بریتییە لە پرۆسەیەک ئامانجی ئەوەیە مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردن لەش، دەبێ بە باشترین پلەی فیزیکی، ڕووحی، فکری و ڕەوانی یان هێزی کار کردی کۆمەڵایەتی بگەن و تێیدا بمێنەوە و، ئەو دەرفەتەیان پێبدرێ کە ژیانی خۆیان بگۆڕن و، بە پلەیەکی مەزنتری سەربەخۆیی بگەن.
قۆناخی توانایی بەخشینەوە، دەتوانی بە مانانی چارەسەرییەکانی چەشنی جیاواز بێ، کە کار کردنی بەشێکی لەش بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی، زیانێک یان نەبوونی چالاکییەک یان سنووری چالاکییەک، قەرەبوو بکاتەوە.
بەخشینەوەی توانایی، خزمەتگوزاریی سەرەتایی ساخی و، خزمەتگوزاری نەخۆشی ناگرێتەوە. بەپێچەوانە ئەوە ژمارەیەکی زۆری چارەسەری و چالاکی بەخۆوە دەگرێ، لە تواناییبەخشنەوەیەکی زۆرتر بنچینەیی و گشتییەوە بگرە هەتا چالاکییەکانی ئامانجدار، بۆ نموونە وەک بەخشینەوەی توانایی کار کردن.

## بەشداریی و یەکسانی

(24
ئەو زاراوە، پرۆسەیەک بەخۆوە دەگرێت، کە ئەنجامەکەی دەبێتە هۆی ئەوە کە هەر دوو بواری جیاوازی کۆمەڵگە و دەورووبەر بکەوێتە بەر دەست هەموو کەسێک، بە تایبەت ئەو مرۆڤانەی خاوەن گرفتی کار کردنی لەشن. ئەوە خزمەت، چالاکییەکان، زانیاری و پێشکێش کردنی داکۆمێنت دەگرێتەوە.

(25
پرنسیپی مافی یەکسان بە مانای ئەوەیە کە هەر تاکێک نرخی یەکسانی هەیە. ئەوە هەروەها بەو مانایەشە کە نیازی تاکەکەس دەبێ ببێتە بنچینەی بەرنامەداڕشتنی کۆمەڵگە و، هەموو سەرچاوەکان دەبێ بە شێوەیەک سوودیان لێ وەرگیرێ کە دەرفەتی یەکسان بە هەموو تاکێک ببەخشێ کە لە کۆمەڵگەدا بەشدار بێ.

(26
خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش بە هاووەڵاتی دەژمێردرێن و مافی ئەوەیان هەیە لەو شوێنە بمێننەوە کە لێی دەژین. ئەوان دەبێ ئەو یارمەتیانەی لە چوارچێوەی سیستەمی ئاسایی بۆ فێربوون، خزمەتگوزاری ساخی ـ و نەخۆشی ، بازاڕی کار و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پێویستیان پێیەتی، پێیان ببەخشرێت.
(27
هاوکات کە کە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش هەمان مافیان پێدەدرێ کە خەڵکی تر هەیانە، دەبێ وەکی خەڵکانی تر هەمان ئەرکیشیان پێبدرێ. بەرەبەرە کۆمەڵگە دەتوانێ چاوەنواڕییەکانی خۆی لەوان پتر بکا.
وەک بەشێک لەو گەشەسەندنە دەبێ چارەسەریی بۆ خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش بدۆزرێتەوە کە بتوانن بە تەواوی وەک ئەندامێکی کۆمەڵگە بەرپرسایەتی وەئەستۆ بگرن.

### دەستپێک

**ئێمە دەوڵەتان،**

ئاگاداری ئەو پەیمانەین بە گوێرەی قانوونەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان، بە هاوکاری ئەو ڕێکخراوە، ڕێگای چارەسەری هاوبەش و تایبەتی ڕەچاوکرێ لە پێناو هاندانی پەرەسەندنی ستانداردێکی بەرزتر، ڕەخساندنی کار و هەنگاوی پێشکەوتووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هاوکاتیش گەشەپێدان،
سەرلەنوێ ئەو ئەرکەی لە قانوونەکەدا دیاری دەکرێ دووپاتدەکەینەوە، کە بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان، دادوەری کۆمەڵایەتی و، مەزنایەتی و بایەخی مرۆڤ بکرێ و ڕێزی لێ بگیرێ. ئەو قانوونە نێونەتەوەییە تایبەتیانەی ئاست مافەکانی مرۆڤ وەبیر دێنێنەوە کە لە ڕاگەیاندنی گشتی مافی مرۆڤدا، لە ڕێککەوتننامەکانی نێونەتەوەییدا لە بارەی مافە ئابووری وکۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا سەلمێندراوە و، هەروەها ئەو مافانەی لە ڕێکەوتننامەکانی نێونەتەوەییدا لە ئاست مافە هاووەڵاتی و سیاسییەکان، بۆ جێبەجێ کردنی جەختی کراوەتە سەر و، ئەو مافانەی لێرەدا دانی پێدانراوە دەبێ بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بێ جیاوازی دەستەبەر بکرێ،
ڕێککەوتننامەی ئاست مافی منداڵان، وەبیر دێنینەوە کە جیاوازی بە هۆی گرفتی کار کردنی ئەندامی لەش یاساخ دەکا و، داواکاری چارەسەر کردنی تایبەتیە هەتا مافەکانی ئەو منداڵانەی تووشی گرفتی کار کردنی لەشن دەستەبەر بکا، هەروەها ئەو مافانەی ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی ئاست پاراستنی مافەکانی هەموو کرێکارانی کۆچەر و بنەماڵەکانیان کە هێندێک ڕێگەی چارەسەریی دیاری دەکا، بۆ ئەوەی پێشگری لە تووش هاتنی گرفتی کار کردنی ئەندامی لەش بکا،
هەروەها بڕیارەکانی ڕێککەوتننامەی ئاست لەناوبردنی هەموو چەشنە جیاوازییەکی دژ بە ژنان وەبیر دێنینەوە هەتا مافەکانی کچان و ژنانێکی خاوەن گرفتی کار کردنی لەشن، دەستەبەر بکرێ. سەرنج دەدرێتە ڕاگەیاندنی ئاست مافەکانی مرۆڤی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش، ڕاگەیاندنی ئاست مافەکانی کەمهۆشان، ڕاگەیاندنی ئاست پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندن، پرینسیپەکانی نەخۆشانی دەروونی وباشتر کردنی باری دەروونناسی و، هەروەها ئەو کەرەسانەی تر کە لە لایەن ئەنجومەنی گشتی پەسەند کراوە، لەبەرچاو دەگیرێ،
هەروها سەرنج دەدرێتە ئەو کوانڤانسیۆن و ڕاسپاردانەی کە لە لایەن ILO (International Labour Organizition) ، ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار) ەوە پەسەند کراوە بە لەبەر چاو گرتنێکی تایبەتی قانوونەکانی ئاست پاراستنی مافەکانی مرۆڤی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش، کە بێ لەبەرچاو گرتنی جیاوازی لە کاردا بەشدار بن. ئێمە ئاگاداری کار و ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوی UNICEF, WHO, UNESCO و، ڕێکخراوەکانی تری پەیوەندیدار بە مەسەلەکەوە هەین، بەتایبەت ڕاگەیندەی جیهانی یونسکۆ لە ئاست ڕاهێنان لە خزمەت هەموو کەسێکدا،

سەرنج دەدەینە بەرپرسایەتی خۆمان بە جەخت کردن لە سەر پاراستنی ژینگە، ئاگاداری ئاست ئەو وێرانکارییەی لە کێشەی چەکدارییەوە سەرچاوە وەردەگری هەین و، بەداخەوەین کە ئەو سەرچاوە کەمانەش کە لەبەر دەست دایە لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی چەکدا کەڵکی لێوەردەگیرێ،

جەخت دەکەین لەسەر ئەوەی بەرنامە جیهانی بۆ کەمئەندامان و، ئەو شی کردنەوەی ئەو لە بەشداری و یەکسانی بە دەستی دەدا، ڕەنگدانەوەی هەوڵی جیدی نێونەتەوەیی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکانە کە بە ئامرازە نێونەتەوەیی و ڕاسپاردەکان، ناوەرۆکێکی پراکتیکی و درووست بدا،

دان بەوەدا دێنین کە ئامانجی تێکۆشانی دەساڵەی کەمئەندامەتی(1992- 1983) ی نەتەوەیەکگرتوەکانە کە بەرنامەی جیهانی ئێستاش لە جێگەی خۆی ماوەتەوە و، پیویستی بە درێژەپێدان و پاڵپێوەنانی چارەسەری هەیە،

وەبیر دەخەینەوە کە بەرنامەی جیهانی لەسەر بناخەی بیرێک دامەزراوە کە بە یەک ئەندازە هەر دوو وەڵاتانی گەشەسەندوو و پێشەسازی دەگرێتەوە.

ئێمە لەو بڕوایە داین کە سەرمایەی زۆرتر پیویستە هەتاکوو ئەو مرۆڤانەی تووشی گرفتی کار کردنی لەش هاتوون، بە تەواوی و بە مەرجی هاوسەنگ بتوانن لە مافەکانی مرۆڤ و بەشداری لە کۆمەڵگەدا کەڵک وەربگرن.
سەرلەنوێ جەخت دەکەینەوە کە مرۆڤی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و دایک و باوک، سەرپەرست، نوێنەر و ڕێکخراوەکانیان دەبێ چالاکانە لە بواری داڕشتنی بەرنامە و، دەکارهێنانی ئەو ڕێگە چارەسەریانەی کە کار دەکەنە سەر مافە هاووەڵاتی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، بەشدار بن.
ئێمەبڕیارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەنجومەنی گشتی ژمارە 1990/26 ڕەچاودەکەین و، ئەو چارەسەرییە تایبەتیانەی بە گوێرەی بەرنامەی جیهانی پێویستە هەتا مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش بە ڕادەیەکی یەکسان لەگەڵ خەڵکانی تر بگەن، بە ئەنجام بەگەیەنین.
ئێمە ئەو قانوونەستانداردانەی خوارەوەمان پەسەند کردوە بۆ ئەوەی بەشداری و یەکسانی مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەستەبەر بکەین:
ئا) جەخت دەکەین لەسەر ئەوەی گشت چارەسەرییەک لە بواری کەمئەندامیدا، لە سەر بنچینەی زانیاری و ئەزموونی درووست سەبارەت بە بارودۆخ و ئەو نیازە تایبەتیانەی مرۆڤی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش هەیانە، دامەزراوە،

ب) جەخت دەکەین لەسەر ئەوەی لە بواری گەشە کردنی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا ئەو ئامانجێکی بنچینەییە کە کۆمەڵگە بە چەشنێک دامەزرێ کە لە خزمەت هەموو کەسێکدا بێ،
پ) پرنسیپێک لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی بواری کەمئەندامیدا ڕەچاو بکرێ، کە مانای پشتگری لە هاوکاری تەکنیکی و ئابووری بەخۆوە دەگرێ،
ت) ئامادە کردنی مودێلێک لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی کە بۆ گەیشتن بە بەشداری و یەکسانی پێویستە. ئەو کاتە دەبێ جیاوازییە مەزنەکان لە ئاست پەرەسەندنی تەکنیکی و ئابووریدا لەبەرچاو بگیرێ. لە ڕەوتی بڕیارداندا دەبێ هەروەها تێگەیشتن لە بواری پێوەندییە فەرهەنگییەکاندا ڕەنگ بداتەوە و، سەرنج بدرێتە ئەو دەورە هەرە گرینگەی مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش کە لەو پرۆسەیدا دەیگێڕن.
ج) مێتۆدێک بۆ هاوکاری نزیک نێوان حکومەتەکان، سیستەمی نەتەوەیەکگرتوەکان، بنکە نێوان دەوڵەتییەکانی دیکە و ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان پێشنیار بکا.

چ) سیستەمێکی کارای وەها پێشنیار بکا بۆ نرخاندن و شێلگیری ئەو پەرەسەندەی کە حکومەتەکان هەوڵی گەیشتنی بۆ دەدەن، هەتا مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش بتوانن بە ئامانجی بەشداربوون و یەکسانی بگەن.

## بارودۆخی بەشداربوون بە مەرجی یەکسان

### قانوونی 1. بەرز کردنەوەی ئاگاداری

حکومەتەکان پێویستە چالاکانە باری ئاگاداری لە کۆمەڵگەدا لە ئاست مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش ، لە ئاست مافەکانیان، پێداویستی و تواناکانیان و ئەوەی کە بە چ شێوەیەک دەکرێ یارمەتی بدرێن، بەرنە سەر.

(1
حکومەتەکان دەبێ چاویان لەسەر ئەوە بێ کە کارمەندانی بەرپرس لە ئاست بەرنامەی بەردەست و خزمەتگوزارییەکان بە مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردن زانیاری دەدەن. زانیارییەکان دەبێ بە شێوەیەک پێشکێشکرێ کە بە دەست هەموو لایەنێک بگا.

(2
حکومەتەکان پێویستە بە مەبەستی پشتگری لە چالاکییەکانی باری زانیاری سەبارەت بە مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و سیاسەتی کەمئەندامیی، هەنگاوی یەکەم هەڵێنەوە. ئەو چالاکییانە دەبێ رووناکی بخەنە سەر ئەوە کە مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش، هاووەڵاتین و وەک خەڵکی تر خاوەن ماف و بەرپرسایەتین و، بەو چەشنە باسی ئەو رێگە چارەسەریانە بکەن کە هەموو لەمپەرێک لەبەر رێگەی بەشدارییەکی تەواو لا دەبا.

(3
حکومەتەکان پێویستە دەزگاکانی راگەیاندنی گشتی هان بدەن کە بە شێوەیەکی پۆزیتیڤ باسی مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش بکەن. دەبێ رێکخراوەکانی کەمئەندامان لەو بوارەدا پرسیان پێ بکرێ.

(4
حکومەتەکان پێویستە ئەوەی دەستەبەربکەن کە سیستەمی باوی فێر کردن، بە هەموو شێوەیەک پرینسیپی بەشداری و یەکسانی تێدا رەنگ بداتەوە.

(5
حکومەتەکان پێویستە داوا لە خەڵکی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و، بنەماڵە و رێکخراوەکانیان بکەن کە بەشداریی لە بەرنامەی زانیارییبەخشین سەبارەت بە مەسەلەکانی کەمئەندامید،ا بکەن.

(6
حکومەتەکان پێویستە شەریکەکانی تایبەتی هان بدەن کە مەسەلەکانی کەمئەندامان لە هەموو چالاکی خۆیاندا لەبەرچاو بگرن.

(7
حکومەتەکان پێویستە هەنگاوی یەکەم هەڵێننەوە و، پشتیوانی لەو بەرنامەیە بکەن کە مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش ئاستی زانیارییان لەمەر ئەوە کە خاوەن چ ماف و تواناییەکن، پێی بەرز دەبێتەوە.
لە ڕێگەی بەرزبوونەوەی بڕوا بە خۆبوون و، بە یارمەتی ڕێگە چارەسەرییەکانی بە هێز، دەکرێ مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش کەڵک لەو دەرفەتانەی پێیاندەدرێ وەرگرن.

(8
ئەو ڕێگە چارەسەرییانەی بە مەبەستی بەرز کردنەوەی زانیاری ڕەچاو دەکرێن، دەبێ بەشێکی گرینگ لە هەر دوو بەرنامەی فێر کردنی منداڵانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و بەخشینەوەی توانا، پێکبێنن.
هەروەها مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش لە ڕێگەی کاری ڕێکخراوەکانی خۆیانەوە زانیاری خۆیان بەرز کەنەوە.

(9
سەرمایەکانی بەرز کردنەوەی زانیاری دەبێ لە نێو فێر کردنی گشت منداڵاندا بێ و، دەبێ بەشێک بێ لە ڕەوتی ڕاهێنانی مامۆستایان و گرووپەکانی دیکەی کار.

**قانوونی 2، پاراستنی دەرمانی و شەفا**
حکومەتەکان پێویستە بەرپرسی ئامادە کردن و لەبەردەستدانانی پاراستنی دەرمانی و شەفادایێکی، بەهێز بن بۆ مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش.
(1
حکومەتەکان پێویستە لە پێناوی وەدیهێنانی بەرنامەیەکی شەفاداندا کار بکەن کە تێیدا پسپۆڕانی بواری جۆراوجۆر بە ئەرکی دیتنەوە، داوەری کردن و شەفادانی زیان یان نەخۆشییەکان لە پلەیەکی زوودا چالاک بن.
ئەوە دەتوانێ لە هۆیەکانی وەدیهاتنی گرفتی کار کردنی لەش پێشگری بکا ، کەمیان کاتەوە یان لە لەناویانبەرێ. بەرنامەگەلی لەو چەشنە، دەبێ بتوانرێ ئەوە دەستەبەر بکا کە مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و بنەماڵەکەیان تێیدا بەشدار بن. ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان پێویستە لە داڕشتنی بەرنامە و نرخاندنەکاندا بەشدار بن.

(2
ئەو کارمەندانەی لە پلەی ناوچەدا کار دەکەن، پیویستە پەروەردە بکرێن کە خێرا نوقستان یان نەخۆشییەکە بدۆزنەوە، دەرمانی سەرەتایی بدەن و خزمەتگوزاری دروستیش ڕاسپێرن.

(3
حکومەتەکان پیویستە دەستەبەر بکەن، کە مرۆڤەکانی خاوەن گرفتی کار کردن، بە تایبەت منداڵی قۆنداخ و منداڵی دیکە، پارێزگاری دەرمانییان لە نێو هەمان سیستەمی دەرمانی بەردەستدا پێبدرێ.

(4
حکومەتەکان پێویستە ئەوە دەستەبەر بکەن، کە گشت پزیشک و کارمەندانی دەرمانیی خاوەن ڕاهێنان و ئامرازی شیاو بن کە بە مرۆڤەکانی خاوەن گرفتی کار کردن، خزمەتی دەرمانیی بگەیەنن و هەروەها، مێتودەکانی چارەسەر کردن و کەرەسەی بە پەلەیان لەبەردەستدابێ.

(5

حکومەتەکان پێویستە ئەوە دەستەبەر بکەن، کە گشت کارمەند و پزیشک و خەڵکانی تری پێوەندیدار بە مەسەلەکە، خاوەن ڕاهێنان و ئامرازی شیاو بن کە پێویستە و، کارمەندەکان پێویستە ڕاسپاردەی هەڵە نەدەنە دایک و باوکەکان و بەو چەشنە ڕێگا چارەسەرییەکانی تر ڕابسپێرن، ئەو ڕاهێنانە پێویستە هەمیشە بدرێ و لە سەر بنچینەی دوایین ئەزموون دامەزرابێ.

(6

حکومەتەکان پێویستە ئەوە دەستەبەر بکەن کە مرۆڤەکانی خاوەن گرفتی کار کردن چارەسەری هەمیشەیی و، ئەو دەرمانانەی پێویستیانە لەبەردەستیاندا بێ، هەتا هێزی کار کردنیان بپارێزن یان چاکتری کەنەوە.

**قانوونی 3، توانایی بەخشینەوە**

(بڕوانە دەستپێک، خاڵی 23)

حکومەتەکان پێویستە ئاگادار بن کە توانایی بەخشینەوە، پێشکەشی مرۆڤەکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەکرێ بۆ ئەوە کە بتوانرێ بە ڕادەی هەرە مەزن، سەربەخۆیی و هێزی کار کردنی گونجاو ڕابگرن و بپارێزن.

(1

حکومەتەکان پێویستە بەرنامەی بەخشنەوەی توانایی خۆیان بۆ هەموو گرووپەکانی کەمئەندام گەشە پێ نەدەن. بەرنامەی لەو چەشنە پێوستە لەسەر بنچینەی پێداویستییەکانی گرفتی کار کردنی لەش و، پرینسیپەکانی بەشداری و یەکسانی دامەزرابێ.

(2

بەرنامەی بەخشینەوەی توانایی لەو چەشنە، پێویستە هەڵگری چالاکی جۆراوجۆر بێ ، وەک ڕاهێنانی کار کردن کە دەتوانی کارێک باشتر بکا یان قەرەبووی بکاتەوە، ڕێنوێنی کردنی ئەو چەشنە مرۆڤانە و بنەماڵەکانیان، ڕاهێنانی بڕوا بە خۆ بوون و، خزمەتگوزاری تایبەت وەک هەڵسەنگاندن و ڕێنوێنی.

(3

هەموو خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش کە پێویستیان بە بەخشینەوەی توانایی هەیە، دەبێ دەستیان بەو دەرفەتە ڕابگا. ئەوە هەروەها ئەو خەڵکانەی لە ڕادەیەکی زۆر بەرچاو یان زۆردا تووشی گرفتی کار کردنی لەشن، دەگرێتەوە.

(4

خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و بنەماڵەکانیان، پێویستە ئەو دەرفەتەیان بدرێتێ کە لە بواری ئەو توانایی بەخشینەوەی پەیوەندیان پێوەی هەیە، خۆیان کاری لەسەربکەن و ڕێکیبخەن.

(5

هەموو بەخیشنەوەی تواناییەک، پێویستە لەو شوێنەدا کە مرۆڤی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش لێی دەژی بەردەست بێت. بۆ گەیشتن بە مەبەستی دیاریکراو، دەتوانرێ لە هێندێک دۆخی توانایی بەخشینەوەیەکی تایبەتیی سنووردار لە بنکەکاندا جێبەجێ کرێ، ئەگەر بێتوو شتەکە گونجاو نرخاندرابێ.

(6

مرۆڤەکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و بنەماڵەکانیان، پێویستە هان بدرێن کە بۆخۆیان لە ڕەوتی توانایی بەخشینەوەی خەڵکی دیکەدا بەشدار بن، بۆ وێنە وەک مامۆستا ، لێزان یان ڕاوێژکار.

(7

حکومەتەکان لە کاتی دارشتنی بەرنامەی توانایی بەخشینەوە یان نرخاندندا، پێویستە کەڵک لە پسپۆڕی ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان وەرگرن.

**قانوونی 4. پشتیوانی و خزمەتگوزاری**

حکومەتەکان، پێویستە گەشەپێدان و لەبەردەستدابوونی پشتیوانی و خزمەتگوزاری مسۆگەر بکەن، کە تێیدا بوونی ئامرازی یارمەتیدەرێک کە یارمەتی خەڵکانی خاوەنی گرفتی کار کردنی لەش بدا کە پتر لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان سەربەخۆتر بن و، لە مافەکانیان کەڵک وەرگرن.

(1

حکومەتەکان، پێویستە مسۆگەر کردنی هەبوونی کەرەسەی یارمەتی و ئامراز، یارمەتیدەری تایبەت و خزمەتگوزاری وەرگێڕان بکا کە دابینکەری نیازەکانی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش بێ. ئەوە بۆ ئەوە پێویستە کە مرۆڤەکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەرفەتی یەکسانیان پێبدرێ.

(2

حکومەتەکان، پێویستە هاوکات لەگەڵ پشتیوانی کردن لە گەشەپێدان، درووست کردن، بڵاو کردنەوە و خزمەتگوزاریی ئامراز و کەرەسەی یارمەتیدەر، زانیاری لە ئاست ئەو مەسەلانەش پێشکێش بکەن.

(3

بۆ ئەوەی بەو مەبەستە بگەین، پێویستە تواناییەکانی تەکنیکی بەردەست کەڵکی لێوەرگیرێ. لەو وەڵاتانەی کە پیشەسازیی تێکنۆلۆژی بەرز هەیە، پێویستە بە چەشنێک بە تەواوی سوودی لێوەرگیرێ، کە ستاندارد و کاریگەریی ئامرازی یارمەتیدەر و دەزگاکان باشتر ببن.
ئەوە زۆر گرینگە کە گەشە کردن و بەرهەمهێنانی ئامرازی ساکار و هەرزان هان بدرێ و، ئەگەریش دەگونجێ لە کەرەسە و تواناییەکانی بەرهەمهێنان لە ناوچەدا کەڵک وەرگیرێ. مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەتوانن بۆخۆیان لە بەرهەمهێنانی ئەو ئامرازە یارمەتیدەرانەدا بەشدار بن.

(4

حکومەتەکان، دەبێ هەتا ئەو جێگەیەی بۆیان دەگونجێ، سەرنج بدەن کە هەموو ئەو مرۆڤە خاوەن گرفتی کار کردنی لەشانەی کە نیازیان بە ئامرازی یارمەتیدەر هەیە، دەستیان پێ ڕابگا.
ئەوە بەو مانایەیە کە کەرەسە و ئامرازی یارمەتیدەر، بە نرخێکی هەرزان یان خەرجێکی نزم لەبەر دەستدابێ و، خەڵکی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش یان بنەماڵەکانیان توانای کڕینیان هەبێ.

(5

لە ئاست یارمەتیدەری تایبەتی و، خزمەتگوزاری وەرگێڕان لە بواری بەرنامەی بەخشینەوەی تواناییدا، حکومەتەکان پێویستە ئەوە لە بەرچاو بگرن کە ئامرازی یارمەتیدەر و کەرەستەکانی کچان و کوڕانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش، تەمەنگونجاو بێ و، لە تەک نیازە تایبەتییەکانی منداڵان و لاوان لە ئاست فۆڕم و بەرگەهێناندا بگونجێ.

(6

حکومەتەکان پێویستە پشتیوانی لە پەرەسەندنی دەستڕاگەیشتن بە بەرنامەی یارمەتیدەری تایبەتی و، خزمەتگوزاری وەرگێڕان بکەن بە تایبەت بۆ ئەو مرۆڤانەی زۆر یان تا ڕادەیەکی بەرچاو کەمئەندامن. یارمەتی لەو چەشنە دەتوانێ ئەو دەرفەتە بۆ خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش بڕەخسێنێ کە لە ژیانی ڕۆژانەی ماڵ، کار، خویندنگە و چالاکیی کاتی ئازاددا بەشداریی بکەن.

(7
یارمەتیدەری تایبەتی دەبێ بە شێوەیەک ڕاهێندرابێ کە ئەو خەڵکە خاوەن گرفتی کار کردنی لەشانە سوودی لێوەردەگرن، دەورێکی سەرەکی و کاریگەرانەیان لە سەر چۆنییەتی دەکارهێنانی هەبێ.

II، بوارەکانی سەرەکی ئاست بەشداربوون بە مەرجی یەکسان

قانوونی 5، لەبەردەستدابوون
حکومەتەکان، پێویستە سەرنج بدەنە مانای لەبەردستدابوون لە هەموو بوارەکانی پەرەسەندندا بە مەبەستی بەشدارییەکی تەواو. بێ لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە مرۆڤەکان تاچ ڕادەیەکی مەزن یان کام گرفتی کار کردنی لەشیان هەیە، دەبێ حکومەتەکان:

ئا) جێبەجێ کردنی بەرنامەیەکی عەمەلی کە هۆی دەستپێڕاگەیشتن بە کەشوهەوای جەستەیی بۆ ئەوان پێکدێنێ و،
ب) ئەوەی لەبەر چاوبگرن کە ئەوان دەستیان بە زانیاری و ئیمکانی پێوەندی ڕابگا.

ئا) دەستپێڕاگەیشتن بە باری دەرەوەی ژینگە

(1
حکومەتەکان، پێویستە بەرەو ئەو ڕێگە چارەسەرییانەی باری دەرەوەی ژینگە هەنگاو هەڵێنەوە کە لەمپەرەکانی بواری لەبەردەستدابوون ڕادەماڵێ. ئەوە پێویستە بەو مانایە بێ کە قانوون و ڕێبازەکان پەرەبپێبدرێ و، ئەوە بە جۆرێک هەڵسەنگێندرێ کە ڕێگەی قانووندانان، دەستڕاگەیشتن لە بوارەکانی جۆراوجۆری کۆمەڵگەدا دەستەبەر بکا، بۆ وێنە وەک، دەستپێڕاگەیشتن بە خانووبەرە و بینای تر، هاتووچۆی گشتی و ئامرازی تری پێوەندی، شەقام و شوێنەکانی تری دەرەوە.

(2
حکومەتەکان، دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگرن کە ئەرشەتیکتەکان، ئەندازیارەکانی خانووبەرە و ئەوانەی تری کە بە کاری خۆیان لە بواری دەرەوەی ماڵدا لە ئاست زانیاری و ساز کردندا چالاکن، زانیاری تێروتەسەلیان درابێتێ لە سەر سیاسەتی کەمئەندامی و، ئەوەی دەبێ بۆ دەستپێڕاگەیشتن بکرێ.

(3
مەرجی دەستپێڕاگەیشتن، پێویستە لە سەرەتاوە دابنرێ ئەو کات فەزای دەرەوە دادەرێژرێ و ساز دەکرێ.

(4
ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان، کاتێک قانوون و ڕێبازەکانی دەستپێڕاگەیشتن پەرەبپێدەدرێ، پێویستە گوێیان لێ بگیرێ. هەروەها، ئەو ڕێکخراوانە پێویستە هەر لە سەرەتای داڕشتنی بەرنامەی ساز کردنی خانووبەرە و بنکە دەوڵەتییەکانی ناوچەیی، تێیدا چالاک بن. ئەوە بۆ ئەوەیە کە زۆرترین دەرفەتی دەستپێڕاگەیشتن، دەستەبەر بکرێ.

ب) دەستپێڕاگەیشتن بە زانیاری و دەرفەتی پەیوەندی

(5
مرۆڤەکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و، لەو شوێنەی دەزاندرێ گونجاوە، بنەماڵە و نوێنەرەکانیان پێویستە لە هەموو پلەکاندا زانیارییەکی تەواویان پێبدرێ لە ئاست دیاری کردنی نەخۆشی، مافەکان و لە هەمان کاتدا دەستپێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری و بەرنامەی پێوەندیداریش برەخسێندرێ.
زانیارییەکە پێویستە بە شێوەیەک بدرێ کە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەستیان پێ ڕابگا.

(6
حکومەتەکان، پێویستە ئەو مێتودانە پەرەپێبدەن کە دەرفەتی دەستپێڕاگەیشن بە زانیاری و ساز کردنی داکۆمێنت بۆ گرووپی جۆراوجۆری خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەخوڵقێنێ. نوختەنووسین، کاسێت، نووسینی پیتی مەزن و تەکنیکی تری گونجاو، پێویستە کەڵکی لێوەرگیرێ، هەتا خەڵکی نابینا دەرفەتی دەستپێڕاگەیشتن بە زانیاری و داکۆمێنتی نووسراویان پێبدرێ.
بە هەمان شێوە پێویستە تەکنیکی گونجاو سوودی لێوەرگیرێ هەتا خەڵکی گوێگران یان خاوەن گرفتی فێربوون، دەرفەتی دەستپێڕاگەیشتین بە زانیاری زارەکیان پێبدرێ.

(7
سوودوەرگرتن لە زمانی ئیشارە کاتی فێر کردنی منداڵانی کەڕ لە نێو بنەماڵەکانیان و، لە کۆمەڵگەدا پێویستە لەبەرچاو بگیرێ. وەرگێڕی زمانی ئیشارە پێویستە لەبەردەستدا هەبێ بۆ ئەوەیکە پێوەندی نێوان خەڵکانی کەڕ و خەڵکانی تر هاسان کرێتەوە.

(8
پێویستە هەروەها سەرنج بدرێتە ئەو نیازانەی کە مرۆڤەکانی تری خاوەن کەمئەندامیی بواری پێوەندی هەیانە.

(9
حکومەتەکان، پێویستە دامودەزگای ڕاگەیاندنی گشتی بە تایبەت تلەڤیزۆن، ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان هان بدەن کە خزمەتگوزارییەکانیان لەبەردەستدابن.

(10
حکومەتەکان، پێویستە ئەو زانیاری و سیستەمی خزمەتگوزاری بەکەمپیوترکراوە نوێیەی کە بە خەڵکی ئاسایی پێشکێش دەکرێ، لەبەر دەستدا بێ، یان بە گوێرەیەک گونجێندراوبن کە لەبەر دەستی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەشدا بن.

(11
پێویستە پێش دامەزراندنی سیستەمی زانیاری نوێ، ڕاوتەکبیر لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کەمئەنداماندا بکرێ.

**قانوونی 6، فێر کردن و ڕاهێنان**

حکومەتەکان، دەبێ دان بەو پرینسیپەدا بێنن کە دەرفەتی یەکسانی فێر کردن لە خوێندنگەی سەرەتایی، ناوەندی و بەرزدا بۆ منداڵ، لاو و گەورەساڵانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دابین بکەن. ئەوان دەبێ سەرنج بدەن کە ئەو چەشنە فێر کردنانە بەشێکی یەکگرتوویی فێر کردنی ئاساییە.

(1
کاربەدەستانی بەشی فێر کردن و ڕاهێنان، بەرپرسن لەوە کە فێر کردنی مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش لە کەشوهەوایەکی یەکگرتوو لەگەڵ سیستەمی مەوجوددا ئەنجامدەدرێ. ئەو فێر کردنە دەبێ بەشێک بێ لە داڕشتنی بەرنامەی فێر کردن و ڕاهێنان، پەرەسەندنی بەرنامەی فێر کردن و ڕێکخستنی خوێندنگەکان لە ڕادەی نەتەوەییدا.

(2
فێر کردن لە سیستەمی ئاسایی خوێندنگەدا، هەلومەرجی دابین کردنی وەرگێڕی زمانی هێما و یارمەتی دیکەی گونجاو پێک دێنێ. پێویستە نەریتی پشتگری و یارمەتی گونجاو لە گۆڕێدا هەبێ، کە ڕاهێنان لەبەردەستدا دەبێ و ئەو نیازانەی خەڵکی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دابین دەکا.

(3
گرووپەکانی دایک و باوکان و ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان، پێویستە لە گشت پلەکانی پرۆسەی فێر کردندا بەشداربن.

(4
لەو وەڵاتانەی فێر کردن و ڕاهێنان بۆ هەمووان بە تۆبزییە، پێویستە ئەو فێر کردنە بۆ کوڕان و کچانێکی خاوەن هەموو جۆرێک لە پلەی گرفتی کار کردنی لەش و تەنانەت چەشنی توندتری گرفتیشن، دابین بکا.

(5
پێویستە سەرنجی تایبەت بدرێتە ئەو گرووپانەی خوارەوە:
ئا) منداڵانی زۆر بچووکی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش،
ب) منداڵانی پێش خوێندنگەی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش،
پ) گەورەساڵانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش بەتایبەت ژنان.

(6
بۆ ئەوەی بلوێ کە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش لە نێو سیستەمی ئاساییدا ڕابهێندرێن، پێویستە حکومەتەکان:
ئا) ڕێبازێکی ڕوون، شیاوی تێگەیشتن و سەلمێندراو لە دامودەزگای فێر کردن و کۆمەڵگەدا هەبێ،
ب) ڕێگە بە گۆڕان، ساز کردن و گونجانی بەرنامەی فێر کردن بدەن،
پ) سەرنج بدرێ کە کەرەسەی فێر کردنیەکی خاوەن چۆنییەتی باش، ڕاهێنانی بێوچانی مامۆستا و، یارمەتیدەری مامۆستا لە بەردەستدا هەبێ.

(7
فێر کردنی یەکگرتوو و دەستکەوتەکان لە پلەی ناوچەدا، دەبێ وەک شێوەیەک چاو لێ بکرێ کە فێر کردن و ڕاهێنانی خەڵکی خاوەن گرفتی کار کردن هەرزان بێ. بەرنامەکانی داڕێژراوی ناوەند پێویستە شارەدارییەکان هان بدا کە لە سەرچاوەکانی خۆیان کەڵک وەرگرن و، گەشەی پێ بدەن بە چەشنێک کە ئەو مرۆڤانە بتوانن لە نزیک ماڵە خۆیانەوە فێرکرابن.

(8

کاتێک سیستەمی ئاسایی خوێندنگە نەتوانێ نیازی فێر کردنی گشت مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دابین بکا، ئەوسا دەکرێ فێر کردنی تایبەت لەبەرچاو بگیرێ. ئەوە دەبێ ئامانجی ئەوە بێ کە خوێندکاران بۆ ڕاهێنانی سیستەمی ئاسایی خوێندنگە ئامادە بکا.
فێر کردنیەکی لەو چەشنە، پێویستە هێندەی فێر کردنی ئاسایی خاوەن ستانداردی بەرز و ئامانجی بەرز بێ و، پێویستە لە پەیوەندی نزیکی ئەودا بێ. خوێندکاری خاوەن گرفتی کار کردنی لەش، پێویستە لانی کەم هەمان سەرچاوەی فێر کردنی خوێندکاری ئاسایی پێشکێش کرێ.
وەڵاتانی ئەندام پێویستە وەک ئامانج، بەرەبەرە فێر کردنی تایبەتی لەگەڵ فێر کردنی ئاسایی تێکخەنەوە. سەرەڕای ئەوە، ڕوونە کە فێر کردنی تایبەتی لە هێندێک دۆخدا بۆ ماوەیەکی کاتی بۆ هێندێک خوێندکاری خاوەن گرفتی کار کردنی لەش، دەکرێ گونجاوترین چەشنی فێر کردن بێ.

(9
خەڵکانی کەڕ و نابینا، پێداویستی تایبەتیان بە پێوەندی هەیە و، بۆیە فێر کردن و ڕاهێنانی ئەوان دەکرێ لە خوێندەنگەی تایبەتی، یان پۆلە تایبەتییەکان، یان بەشی تایبەت لە خوێندنگە ئاساییەکاندا، دابینکرێ.
بە تایبەت لە دەستپێکی فێر کردندا، سەرنجی تایبەت پێویستە بۆ مێتودەکانی ڕاهێنان تەرخان بکرێ کە ئاکامەکەی ئەوە بێ، خەڵکی کەڕ یان کەڕونابینا بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەرانە پێوەندی بگرن و، هەتا ئەو جێگەیەی دەلوێ سەربەخۆ بن.

**قانوونی 7، کار**
حکومەتەکان پێویستە دان بەو پرنسیپانەدا بێنن کە خۆڵقاندنی هەلومەرجەکان بۆ خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش پێکدێنێ کە ئەوان بتوانن لە مافەکانی مرۆڤ و، بە تایبەت لە مافی تایبەتی کار کردنی خۆیان سوود وەرگرن. هەر بە هەمان شێوەی لە شارەکاندا باوە، لە دێهاتەکانیشدا دەبێ بە یەک ئەندازە دەرفەتیان هەبێ بۆ کاری بەهەمهێنەر و داهاتهێنەر.

(1
قانوون و دەستوورەکانی سەبارەت بە بواری کار کردن، نابێ جیاوازی لە نێوان خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دابنێ و، نابێ ڕێگەش لە دامەزراندنیان بگیرێ.
حکومەتەکان پێویستە چالاکانە پشتیوانی بکەن کە خەڵکی تووشی گرفتی کار کردن بێنە ناو بازاڕی کارەوە.

(2
ئەو پشتیوانییە دەکرێ بە شێوەی جۆراوجۆر بکرێ، بۆ وێنە، فێر کردنی کار، وەدیهێنانی سیستمی هاندەری بەش بەش، تەرخان کردنی ئەو کارانەی کە بۆ ئەو چەشنە مرۆڤانە لەبەرچاودەگیرێ، دانی قەرز یان یارمەتی بە شەریکەی بچووک، دانی مافی پاوانکراو یان مافی وەپێشخستن لە بواری هێندێک بەرهەمهێناندا، سووک کردنی باج، کۆنترۆڵ کردنی ئەنجام دانی پەیمانامەکان یان یارمەتی دیکەی تەکنیکی و، یان ئابووری بەو شەریکانەی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش لە سەر کار دادەمەزرێنن.
حکومەتەکان هەروەها پێویستە خاوەنکارەکان هان بدەن کە بە شێوەیەکی تێروتەسەل ئەوە گونجێندرابێ کە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش، بتوانن هاسانتر بێنە ناو ژیانی کار کردنەوە.

(3
لە بەرنامەی کاری حکومەتەکاندا پێویستە ئەو شتانەی خوارەوە بگونجێندرێن:

ئا) ڕەچاو کردنی چارەسەرییەکی کە ببێتە هۆی ئەوە کە شوێنەکانی کار کردن بە جۆرێک سازکرێن و بگونجێندرێن، کە دەستی ئەو خەڵکانەی تووشی گرفتی کار کردنی جۆراوجۆرن پێیانڕابگا،
ب) پشتگری کردن لە بکارهێنانی تەکنیکی نوێ و گەشەپێدان و درووست کردنی ئامرازی یارمەتی، کەرەسە و ئامرازەکان، هەروەها دەکارهێنانی چارەسەرییەکی ئەوتۆ کە ئەو ئامراز و کەرەسە یارمەتیدەرانەم وا بکرێ کە بە هاسانی دەستی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەشیان پێڕابگا، دەرفەتی ئەوەیان پیبەخشێ کە کارێک وەدەستخەن و لە سەر کارەکانیشیان بمێنەوە.
پ) فێر کردن و دیاری کردنی شوێنی گونجاو بۆ کار کردن و، درێژەپێدانی پشتگری، بۆ وێنە لە ڕێگەی یارمەتیدەری تایبەتی و خزمەتگوزاری وەرگێڕان.

(4
حکومەتەکان، پێویستە هەنگاوی یەکەم هەڵێننەوە و، پشتگری لەو چالاکییە دەوڵەتی و شارەوانییەکان بکەن کە پلەی تێگەیشتنی خەڵک بەرز دەکاتەوە و، بەو چەشنە بە سەر ئەو بۆچوون و داوەرییە نێگەتیڤانەی سەبارەت بە کارمەندانی خاوەن کار کردنی لەش لە ئارادایە، زاڵ دەبێ.

(5
وەک خاوەنکار پێویستە حکومەتەکان لە پێناوی دامەزراندنی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش لە دامودەزگا دەوڵەتییەکاندا، هەلومەرجی سوودبەخش بخوڵقێنن.

(6
حکومەتەکان، ڕێکخراوەی خاوەنکارەکان و خاوەنکارەکان پێویستە هاوکاری بکەن لە پێناوی دەستەبەر کردنی سیاسەتێکی دادپەروەرانەی دامەزراندن و هەڵ گرتن و ڕاگوێستن و، هەلومەرجی دامەزراندن و ساختاری مووچە.
حکومەتەکان، پێویستە بۆ شوێنی کار کردنێکی باشتر هەڵسووڕ بن، بە شێوەیەک کە گرفت یان ئەو نەخۆشیانەی دەبێتە هۆی وەدیهێنانی گرفتی کار کردنی لەش، پێشی پێ بگیرێ و ئەو کارمەندانەی کە تووشی گرفتی کار دێن بتوانرێ چاککرێنەوە.

(7
ئامانج هەمیشە دەبێ ئەوە بێ کە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش لە بازاڕی ئازادی کاردا، کاریان بدرێتێ. بۆ ئەو کەسانەی نیازەکانیان لە بازاڕی کاردا بەرواوەرد ناکرێ، دامەزران دەکرێ بە شێوەی گرووپی بچووک یان بە پشتگری تایبەتی ئاڵترناتیڤێکی تر بێ.
ئەوە گرینگایەتییەکی زۆری هەیە کە دامەزراندنییەکی لەو چەشنە، خزمەت بە دەرفەتەکانی ئەو چەشنە مرۆڤانە دەکا کە لە بازاڕی کاری ئاساییدا کاریان پێبدرێ.

(8
ڕێگا چارەسەرییەکان بە شێوەیەک ڕەچاوکرێن کە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش بتوانن لە ڕەوتی ڕاهێنانی کار لە بەشی تایبەتیی و نادەوڵەتیی بازاڕدا بەشدار بن.

(9
حکومەتەکان، ڕێکخراوە کرێکارییەکان و خاوەنکارەکان، دەبێ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان هاوکاری بکەن لە پێناو خوڵقاندنی هەلومەرج بۆ خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردن کە سوود لە ڕاهێنان و کار وەرگرن بە یارمەتی، بۆ وێنە کاتی کاردنێکی گونجاو، کاری نیوەچڵ، کاری بەشکراو، یارمەتیدەری تایبەت یان لە شەریکەی تایبەتی خۆیاندا.

قانوونی 8، ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتی

حکومەتان لەوەدا بەرپرسن کە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش لە ئاسوودەیی کۆمەڵایەتیدا بن و، داهاتی تێروتەسەلیان هەبێ.

(1
حکومەتەکان، پێویستە ئەوەی دەستەبەر بکەن کە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش، یارمەتی داراییەکی زۆر تێروتەسەلیان پێبدرێ، ئەگەر بە هەڵکەوت داهاتی خۆیان لە دەستدابێ، یان بێتوو داهاتیان کەم بووبێتەوە، یان هیچ دەرفەتێکیان بۆ کار کردن نەبێ و، ئەوەش لە ئاکامی گرفتی کار کردندا بووبێ، یان بە هۆی ئەو فاکتەرانەدا بێ کە بە گرفتی کار کردنەوە بەسترابووبێتەوە.
حکومەتەکان، پێویستە ئاگاداری ئەوە بن کە ئەو خەرجانەی ئەو خەڵکانە و بنەماڵەکانیان بە هۆی گرفتی کار کردنەوە وەریدەگرن، لە کاتی هەڵسانگاندنی یارمەتییەکەدا لەبەرچاو بگیرێ.

(2
ئەو حکومەتانەی خاوەن سیستەمێکی ئاسایش، بیمەی گشتی، یان خزمەتگوزارییەکی دیکەی کۆمەڵایەتین و، ئەو حکومەتانەی خەریکی پەرەپێدانی سیستەمێکی ئاوان بۆ هەموو دانیشتوانی وەڵاتەکەیان، پێویستە ئەوەی لەبەرچاوبگرن کە ئەو سیستەمە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش هەڵناوێرێ، یان جیاوازیان لە نێو دانانەنێ.

(3
حکومەتەکان، هەروەها پیویستە ئەوەی لەبەرچاوبگرن کە ئەو کەسانەی خزمەتی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەکەن، یارمەتی دارایی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیان بۆ دابینکرێ.

4) ناوەڕەکی سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی پێویستە ئەو ڕێگا چارەسەریانە بەخۆوە بگرێ، کە یارمەتی دەدا خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش بە شێوەیەک توانایی کار کردنیان وەرگرنەوە، کە خۆیان بژیوی خۆیان بن. سیستەمێکی ئاوا پێویستە یارمەتیدەری ڕێکخستن، گەشەپێدان و دابین کردنی باری دارایی ڕاهێنانی بواری کار بێ. ئەو سیستەمە دەبێ هەروەها دایرەی کاریش بگرێتەوە.

(5
بەرنامەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی پێویستە هەروەها خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش هان بدا، کە کار بۆ خۆیان بدۆزنەوە کە بەو شێوە ئەوان دەرفەتی پەیدا کردن یان وەرگرتنەوەی سەرلەنوێی داهاتی خۆیان هەبێ.

(6
خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش، پێویستە هەتا ئەو کاتەی گرفتی کار کردنی لەشیان هەیە، مافی یارمەتی داراییان هەبێ. ئەو یارمەتییە نابێ ڕێی داوا کردنی کاریان لێبگرێ. نابێ کەمیش کرێتەوە یان بە تەواوی ڕاگیرێ، هەتا ئەو کاتەی دەستیان بە داهاتی تێروتەسل و دابینکەر ڕادەگا.

(7
ئەو حکومەتانەی سیستەمی بیمەکەیان لە ڕادەی هەرە مەزنی خۆیدا لە لایەن بەشی تایبەتییەوە دابین دەکرێ، پێویستە شارەوانی، ڕێکخراوە خۆبەخش و بنەماڵەکان هان بدا کە گەشە بەیارمەتیدان بدەن بە مەبەستی خۆیارمەتیدانی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردن بەرەو ئاقاری کار یان چالاکییەکی بواری کار.

**قانوونی 9، ژیانی بنەماڵەیی و سەربەخۆیی کەسایەتی**

حکومەتەکان، پێویستە هەلومەرجی ژیان لە نێو بنەماڵەدا بەهێز بکەن. ئەوان دەبێ پشتگری مافی کەسایەتیان بن و، ئاگادار بن کە قانوونەکان لە بواری پێوەندی سیکس، هاوسەریەتی و دایکایەتی و باوکایەتیدا لە نێوان خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەشدا جیاوازی دانانێن.

(1
خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش پێویستە ئەو دەرفەتەیان هەبێ کە لەگەڵ بنەماڵەکانیاندا بژین. حکومەتەکان، پێویستە هاندەربن کە بواری ڕاوێژکاری بنەماڵەیی، زانیاری ئامانجدارانە و، ڕاوێژکاری ئاست خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و، کارتێکەرییەکەی لە سەر ژیانی بنەماڵە دەگرێتەوە. بۆ ئەو بنەماڵانەی خاوەن ئەندامێکی خاوەن گرفتی کار کردنی لەشن، پێویستە دەرفەتی یارمەتی خزمەتگوزاری هەبێ. حکومەتەکان پێویستە هەموو لەمپەرێکی ناپێویستی بەر ڕێگەی ئەو کەسەی خوازیاری بە تایەن گرتنی منداڵێک یان گەورە ساڵێکی خاوەن گرفتی کار کردنی لەشە، یان ژیانی بنەماڵەییان پێشکەش دەکا، لەناوبەرن.

(2
خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش نابێ دەرفەتی وەدەستهێنانی ئەزموونی سێکس و، پێوەندی سێکسی یان مافی دایکایەتی و باوکایەتیان لێ زەوتکرێ. لەبەر ئەوە کە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش ئەو کات دەیانهەوێ پێوەندی ژن و مێردایەتی ببەستن و بنەماڵە ساز بکەن، تووشی زەحمەت و گرفت دێن، بۆیە پێویستە حکومەتەکان ئاگادار بن کە ڕاوێژکاریی پێویست دابینکرێ.
خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش، دەبێ هەمان یارمەتیان پێبدرێ کە بە خەڵکی تر دەدرێ کە بەرنامەی بنەمەماڵە دارێژن و، دەبێ ئەو زانیارییەیان پێبدرێ کە لەش چۆن لە ئاست سێکسەوە کاردەکا.

(3
حکومەتەکان، پێویستە ئەو ڕێگە چارەسەریانە هان بدەن کە دژی بۆچوونە نیگاتیڤەکانن کە ئێستاش بەرامبەر بە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش هەیە و، بە تایبەت ئەو کات کچان و ژنان مێرد دەکەن و، پێوەندی سێکسیان هەیە یان دەبنە دایک. دەزگای ڕاگەیاندنی گشتی پێویستە هان بدرێ کە بە دژی ئەو چەشنە بۆچوونە نێگاتیڤانە خەبات بکەن.

(4
خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و بنەماڵەکانیان، دەبێ لە ئاست ئەوەی دژی دەستدرێژی جنسی و جۆرەکانی دیکەی دەستدرێژی چ بکرێ زانیاریان بدرێتێ. ئەو چەشنە خەڵکانە لە نێو بنەماڵە، لە کۆمەڵگە و دامودەزگاکاندا بۆ دەستدرێژی لەبارن.
بۆیە ئەوان پێویستیان بە زانیاری هەم لەئاست بە دوور مانەوە لە دەستدرێژی هەیە و، هەمیش بەوەیکە چۆن دەستدرێژی دەبێ سەرنجی پێدەدرێ و ڕاپۆرت بکرێ.

**قانوونی10، فەرهەنگ**

حکومەتەکان، دەبێ ئەوە لەبەرچاوگرن کە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەتوانن لە ژیانی فەرهەنگیدا بە مەرجی یەکسان بەشداری بکەن.

(1

حکومەتەکان، پێویستە ئەوە لەبەرچاوگرن کە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش بواری ئەوەیان هەیە کە سوود لە هێزی خوڵقاندن و هونەری و لێزانینە ڕووناکبیرییەکانیان وەرگرن. ئەوەش سەرەڕای ئەوەیە کە ئەوان لە شارەکاندا بژێن یان لە دێهاتەکاندا.
ئەوان دەبێ ئەو دەرفەتەیان پێببخشرێ نەک هەر لەبەر خۆیان، بەڵکوو لە پێناو ئەوەشدا کە دەورووبەری خۆیان بە سەما، ئەدەبیات، نیگارکێشان و پەیکەرتاشین دەوڵەمەند بکەن. بەتایبەت لە وەڵاتانی گەشەسەندوودا، دەبێ مرۆڤ نرخی تایبەت دابنێ بۆ شێوەهونەری سونەتی و مودێرن، وەک بوو کە شانۆ، نمایش و گێڕانەوە.

(2
حکومەتەکان، دەبێ دەستپێڕاگەیشتنی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش بەو شوێنانەی چالاکیی فەرهەنگی تێدا ئەنجام دەدرێ هاسان بکەنەوە، وەک شانۆ، موزەخانە، سینەما و کتێبخانەکان.

(3
حکومەتەکان، پێویستە گەشەسەندن و کەڵک وەرگرتن لە تەکنیکی تایبەت بە شێوەیەک هان بدەن کە ئەدەبیات، فیلم و شانۆ لەبەر دەستی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەشدا بێ.

**قانوونی 11، نوێ کردنەوەی هێز و وەرزش**
حکومەتەکان، دەبێ ڕێگەی چارەسەرێک بگرنە بەر دەرفەتی نوێ کردنەوەی هێز و وەرزش بە هەمان شێوەی خەڵکانی دیکە، بۆ کەسانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش تەرخان بکات.

(1
حکومەتەکان، پێویستە ئەو ڕێگە چارەسەریانە ڕەچاوکەن کە بڕیارەکانی ئاست نوێ کردنەوەی هێز و وەرزش، بۆ وێنە، هۆتێل، قەراخ ئاوەکان، شوێن و هۆڵەکانی وەرزش بە جۆرێک بێ کە دەستی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەشی پێ ڕابگا.

(2
کاربەدەستانی بواری توریسم، نووسینگەی سەفەر، هۆتێل، ڕێکخراوە خۆبەخشەکان و ئەوانەی تر کە چالاکییەکانی کاتی ئازاد یان سەفەر ڕێکدەخەن، پێویستە خزمەتەکانی خۆیان بە هەموو کەسێک پێشکێش بکەن. ئەو کات دەبێ ئەو پێداویستیانەی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش هەیانە لەبەرچاو بگیرێ. ڕاهێنانی گونجاو پێویستە پێکهێندرێ هەتا ئەوە هاسانتر بکرێتەوە.

(3
بزووتنەوەکانی وەرزشی پێویستە هان بدرێن کە بەشداری کردنی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش لە وەرزشدا هاسان بکەنەوە. لە هێندێک دۆخدا دەکرێ ئەوە لە ڕێگەی باشتر کردنی دەستپێڕاگەیین ئەنجامدەرێ. لە حاڵەتی دیکەدا دەکرێ نیاز بە ڕێکخستنی تایبەت یان لقی دیاریکراوی تری وەرزش هەبێ.
حکومەتەکان پێویستە کاری بەشداری خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش لە کێبەرکێکانی ئاست نەتەوەیی و نێونەتەوەیی هاسان بکەنەوە.

(4
ئەو مرۆڤە خاوەن گرفتانەی کار کردنی لەش کە لە وەرزشدا بەشداریدەکەن، پێویستە بتوانن لە هەمان ڕێنوێنی و ڕاهێنانی بەشدارانی تر سوودوەرگرن.

(5
ئەوانەی لە بواری وەرزش و چالاکی کاتی ئازاددا کاردەکەن، کاتی داڕشتنی ئەو پلانانەی بۆ خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش تەرخان دەرکرێن، پێویستە لەگەڵ ڕێکخراوەکانیان ڕاوێژکاری بکەن.

**قانوونی 12، ئایین**

حکومەتەکان، دەبێ ئەو چارەسەریانە ڕەچاو بکەن کە خۆڵقێنەری دەرفەتی یەکسان بۆ خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەشە هەتا لە ئایینی خۆیان کەڵک وەرگرن.

(1
حکومەتەکان، پێویستە بە بەشداری ئەوانەی بەرپرسی مەسەلە ئایینییەکانن، هاندەری ئەوە بن کە جیاوازی لە ناو بچێ و چالاکی ئایینی بە چەشنێک بێ کە بۆ خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش گونجاو بێ.

(2
حکومەتەکان، پێویستە هاندەری ئەوە بن کە زانیاری و مەسەلەکانی سەبارەت بە کەمئەندامان لە نێو بنکە ئایینییەکاندا بڵاو ببێتەوە. حکومەتەکان هەروەها پێویستە ئەوەش هان بدەن کە ئۆرگانە ئایینییەکان سەبارەت بە سیاسەتی ئاست کەمئەندامان، چ لە ڕاهێنانی پیشەی ئایینی و چ لە فێر کردنی دەرسی ئایین، ئاگادار بکەنەوە.

(3
حکومەتەکان، پێویستە هەروەها بۆ ئەو کەسانەی زیاندیتوون یان نەخۆشییەکی ئەوتۆیان هەیە کە کاریگەری دەکاتە سەر بینایی یان بیستنیان، ئەدەبیاتی ئایینییان بخرێتە بەردەست.

(4
حکومەتەکان و یان بنکە ئایینییەکان، کاتێک ڕێگەی چارەسەری بۆ دەرفەتەکانی یەکسانی بەشداری خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش لە کاروباری ئایینیدا دادەڕێژرێ، پێویستە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان ڕاوێژکاری بکرێ.

III. جێبەجێ کردن

**قانوونی 13، زانیاری و توێژینەوە**

حکومەتەکان، ئەوپەڕی بەرپەرسایەتیان لەسەر شانە کە زانیاری سەبارەت بە هەلومەرجەکانی ژیانی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش کۆبکرێنەوە و بڵاوکرێنەوە و، هەروەها پشتگریگری توژینەوە لە هەموو بوارەکاندا بکرێ، بەو شتانەشەوە کە لەمپەری ژیانیانە.

(1
حکومەتەکان، پێویستە بەردەوام هەم ئەو ئامارانەی بە سەر ژن و پیاودا دابەشکراون و، هەمیش زانیاری ئاست ئەو هەلومەرجانەی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش تێیدا دەژین، کۆبکاتەوە.

کۆ کردنەوەیەکی کەمپیوتەریی لەو چەشنە دەکرێ لە پێوەندی لەگەڵ بنکەکانی بیمەکانی گشتی و، لێکۆڵینەوەکانی ناو ماڵ و، بە هاوکاری نزیکی زانکۆکان، بنکەکانی توێژینەرەو و ڕێکخراوەکانی کەمئەندامانـدا بێ. ئەو کۆ کردنەوە، پێویستە مەسەلەکانی سەبارەت بە پرۆگرام و خزمەتەکان و چۆنایەتی سوود لێوەرگرتنیان، بە خۆوە بگرێ.

(2
حکومەتەکان، پێویستە ئاستی پێکهێنانی بانکێکی کەمپیوتەر، تایبەتی گرفتی کار کردنی لەش هەڵسەنگێنن، کە هەم ئاماری ئاست تێدابوونی خزمەت و پرۆگرامەکان بگرێتەوە و، هەمیش گرووپە جۆراوجۆرەکانی کەمئەندامیی. لەو پێوەندییەدا دەبێ مەرجی پاراستنی ژیانی تاکەکەس و سەربەخۆیی کەسایەتی لەبەرچاو بگیرێ.

(3
حکومەتەکان، پێویستە هەنگاو هەڵێننەوە لە پێناوی پشتگری کردن لە پرۆگرامی توێژینەوەی چلۆنایەتی کارتێکەری خەلکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و بنەماڵەکانیان، لەسەر شکڵ گرتنی ژیان و باری کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ئابووریان.
توێژینەوەیەکی ئاوا پێویستە هۆیەکانی گرفتی کار کردنی لەش، چەشن و ڕوودانیانی بەخۆوە بگرێ. هەروەها پێویستیشە ئەوە، لێکۆڵینەوەکانی ئاست بەرنامەی گونجاندنی کۆمەڵگە و، ئامانجدار کە هەتا چ ڕادەیەک پێویستی پەرەپێدانی پشتگری و خزمەت دەبێ بێتە ئاراوە و بەهرەی لێوەرگیرێ، بەخۆوە بگرێ.

(4
حکومەتەکان پێویستە بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان، ئەو تێرمینۆلۆژییەی دەبێ سوودی لێوەرگیرێ و، ئەو پێوەرانەی دەبێ مەرجەکان لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان لە ڕادەی هەموو وەڵاتدا بەجێ بهێندرێ، پەرەپێبدەن و دەستنیشانیکەن.

(5
حکومەتەکان، پێویستە بەشداری خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش لە بواری کۆ کردنەوەی کەمپیوتەریی و توێژینەوە هاسان بکەنەوە. حکومەتەکان پێویستە بەتایبەت دامەزرانی کەسانی شارەزای خاوەن گرفتی کار کردنی لەش لە ڕەوتی توێژینەوەیەکی ئاوادا هان بدەن.

(6
حکومەتەکان، پێویستە لە پێناو گۆڕینەوەی ئاکامەکانی توێژینەوە و ئەزموونەکاندا کار بکەن.

(7
حکومەتەکان، پێویستە چارەسەری بدۆزنەوە بۆ بڵاو کردنەوەی زانیاری و، ئاگاداری لە ئاست گرفتی کار کردنی لەش لە هەموو پلەیەکی سیاسی و کارگوزاریی، ناوندی، هەریمی و ناوچەییدا.

**قانوونی 14، ڕێباز و پلاندارشتن**

حکومەتەکان، دەبێ ئاگادار بن کە بۆچوونەکانی کەمئەندامان لە گشت ڕێبازە گرینگەکان و، لە پلاندارشتن لە ڕادەی وەڵاتدا لەبەرچاو بگیرێ.
(1

حکومەتەکان، پێویستە لە پێناوی داڕشتنی ڕێبازێک هەنگاو هەڵێننەوە کە خزمەتی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەکا و، هەروەها چارەسەرییەکان لە ڕادەی هەریمی و ناوچەییدا هان بدەن و پشتگری لێبکەن.

(2

حکومەتەکان، پێویستە ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان لە ڕەوتی ئەو بڕیاردانەدا بەشداربکەن کە پێوەندی هەیە بە بەرنامە و پرۆگرامی ئاست خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەشەوە، یان کار دەکاتە سەر باری ئابووری و بارودۆخی کۆمەڵایەتیان.

(3

ئەو نیاز و بەرژەوەندییەی کە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش هەیانە، پێویستە لە ناو بەرنامەکانی پەرەسەندنی گشتیدا بگونجێندرێن و، بە جیاوازی لەگەڵیان هەڵسوکەوت نە کرێ.

(4

ئەو ڕاستییە کە حکومەتەکان زۆرترین بەرپرسایەتیان لە ئاست خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش وەئەستۆیە، نابێتە هۆی ئەوە کە خەڵکی دیکە لە ژێر ئەو بەرپرسایەتییە دەرباس بکا. هەموو ئەوانەی بەرپرسی بواری پشتگری و خزمەت یان بڵاو کردنەوەی زانیاری لە کۆمەڵگەدان، پێویستە هان بدرێن ئاگاداری ئەوە بن کە چالاکییەکانیان بۆ هەموو خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش گونجاو بێ.

(5

حکومەتەکان، پێویستە کاری پەرەپێدانی ئەو بەرنامە و چارەسەرییانەی کە بە سوودی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەشن، بۆ شارەوانییەکان هاسان کەنەوە. شێوەیەک کە دەکرێ ئەوە بێنێتە ئاراوە، ئامادە کردنی کتێبی دەستی یان لیست و، تەرخان کردنی خۆلی فێر کردن بۆ کارمەندەکان بێ.

**قانوونی 15، پەسەند کردنی قانوون**

حکومەتەکان، ئەو بەرپرسایەتیان وەئەستۆیە کە بنچینەیەکی حقوقی ئەوتۆ بخۆڵقێنن کە ئاکامی بەشداربوون و یەکسانی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش پێکدێنێ.

(1

گشت پەسەند کردنێکی قانوون کە پێوەندی بە ماف و ئەرکەکانی هاووەڵاتییەوە هەیە، پێوستە هەروەها ماف و ئەرکەکانی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەشیش بەخۆوە بگرێ. حکومەتەکان ئەرکدارن ئەو دەرفەتەیان بۆ پێکبێنن کە مافی مرۆڤ، مافی هاووەڵاتی و مافە سیاسییەکانی خۆیان بە هەمان شێوەی هاووەڵاتییەکانی تر دەکاربێنن.

حکومەتەکان، دەبێ ئاگادار بن کە ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان، هەم کاتێک قانوونەکانی نوێ کە پێوەندی بە خەڵکانی کەمئەندامەوە هەیە و مافەکانیان ئامادە دەکرێ و، هەمیش ئەو کاتە کە دانانی قانوونی لەو چەشنە بەردەوام هەڵدەسەنگێندرێ، چالاک بکرێن.

(2

دەتوانێ دانانی قانوون پێویست بێ بۆ ئەوەی ئەو پێوەندییانەی کارتێکەری نیگەتیڤ دەکەنە سەر خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و ژیانیان لە ناوبردرێ وەک بۆ وێنە، ئازاردان یان دەکارهێنانی توندوتیژی.

هەموو جیاوازیدانانێکی نێوان خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەبێ لە نێو بچی. قانوون پێویستە ئەو قانوونانە بە خۆوە بگرێ کە سزادانی بێحورمەتی بە پرینسیپی دانەنانی جیاوازی تێیدا ڕەنگبداتەوە.

(3

پەسەند کردنی قانوونی ئاست ماف و ئەرکەکانی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش، دەکرێ بە دوو شێوەی جیاواز شکڵ بدرێ. یان ماف و ئەرکەکانیان لە نێو قانوونەکانی گشتیدا نێوئاخن کرێن، یان هەر بە شێوەی قانوونێکی جوداش پەسەندکرێن. قانوونێکی تایبەتی ئاوا بۆ خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش، دەکرێ بە دوو شێوەی جودا پەسەندکرێ:

ئا) لە ڕێگەی ئەو قانوونانەی تەنیا باسی مەسەلەکانی کەمئەندامان دەکا.

ب) لە ڕێگەی گونجاندنی مەسەلەکانی کەمئەندامان لە قانوونێکدا کە تەنیا تایبەتی بوارێکە.

پ) لە ڕێگەی ئەوەیکە ناوی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش لە نێو ئەو دەقانەدا بێ کە هێندێک قانوون لێکدەداتەوە.

تێکەڵاوێک لەو شێوە جۆراوجۆرانەی پەسەند کردنی قانوون دەکرێ شتێکی بە نرخ بێ. دەستوری شیاوی دەکارهێنان و شتی لەو بابەتە، هەروەها بەرنامەی شیاوی پیادە کردنیش دەکرێ پێویست بێ.

(4

حکومەتەکان، دەتوانن وەدیهێنانی دەستورێکی سکاڵای ڕەسمی هەڵسەنگێنن کە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێ.

**قانوونی16، سیاسەتی ئابووری**

حکومەتەکان، بەرپرسن لە ئاست ئەو بەرنامە و ڕێگە چارەسەریانەی کە دەبێ بەشداری و یەکسانی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەستەبەر بکا.

(1

حکومەتەکان، پێویستە مەسەلەکانی کەمئەندامی نێوئاخنی کاری بودجەی ئاسایی لە هەموو پلەکانیدا بکا.

(2

حکومەتەکان، ڕێکخراوە خۆبەخشەکان و ئۆرگانەکانی تری هۆگر، پێویستە پێکەوە مێتۆدەکانی کاریگەر پەرەپێبدەن لە پێناوی پشتگری لە پرۆژە و چارەسەرییەکی کە بۆ خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش مانابەخش بێ.

(3

حکومەتەکان، پێویستە بۆ هاندان و پشتگری لە دەرفەتی بەشداری کردنی یەکسانی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش لە کۆمەڵگەدا، ئەوەی هەڵسەنگێنن کە چارەسەریی ئابووری(مووچە، ئازاد کردن لە باج، یارمەتی ئابووری تایبەت، بوونی فۆندێکی بانکی و هتد) دەکاربێنن.

(4

لە زۆرێک لە وەڵاتاندا، لەوانەیە ئەوە بەنرخ بێ کە فۆندێکی تایبەت لە بانکدا بۆ کەمئەندامان دابمەزرێندرێ بۆ پشتیوانی کردنی پرۆژە جۆربەجۆرەکانی کاتی و، پرۆگرامی خۆیارمەتیدەر لە ڕادەی هاووەڵاتیدا.

**قانوونی 17، هاوئاهەنگی**

حکومەتەکان، لەوەدا بەرپرسن کە کۆمیتەکانی هاوئاهەنگیی نەتەوەیی، یان لەو چەشنە بنکانە دابمەزرێنن کە هاوئاهەنگیی مەسەلە کەمئەندامییەکان دەستەبەر دەکا.

(1
ئەو کۆمیتە هاوئاهەنگییە نەتەوەییە، یان بنکەیەکی لەو چەشنە، پێویستە هەمیشە هەبێ و لە قانووندا گونجێندرابێ.

(2
تێکەڵاوییەک لە ڕێکخراوە تایبەتییەکان و ئۆرگانە دەوڵەتییەکان، لەوانەیە بە باشترین شێوە هاوکارییەکی پتەو لە نێوان هەموو بوارێکی پێوەندیداردا بە ئاکام بگەیەنێ. نوێنەرەکان دەکرێ لە وەزارەتخانەکانی پێوەندیدار بە مەسەلەکەوە، ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان و ئۆرگانە خۆبەخشەکانی ترەوە بێن.

(3
ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان، پێویستە کاریگەرییەکی بەهێزیان لە سەر کۆمیتەی هاوئاهەنگی هەبێ هەتا وەڵامی بەرژەوەندییەکانی خۆیان وەرگرنەوە.

(4
کۆمیتەی هاوئاهەنگی، پێویستە ئەو سەربەخۆییە و، ئامرازە پێویستەی لەبەر دەستدا بێ، بۆ ئەوەی ئەرکەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێ و بڕیاری شیاو بدا.

**قانوونی 18، ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان**
حکومەتەکان، پێویستە دان بە مافی ڕێکخراوی کەمئەندامانداندا بێنن کە نوێنەرایەتی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەکەن لە ڕادەی نەتەوەیی، هەریمی و ناوچەییدا. حکومەتەکان هەروەها پێویستە دان بە دەوری ڕاوێژکاریی ڕێکخراوەکانی کەمئەنداماندا بێنن، کاتێک باس لەسەر پەسەند کردنی بڕیار لە ئاست کەمئەنداماندا دەکەن.

(1
حکومەتەکان، پێویستە لە بواری ئابووری و بە شێوەکانی تر هاندەر و پشتگر بن کە ڕێکخراوە کەمئەندامییەکان لە لایەن خڵکانێکی تووشی گرفتی کار کردنی لەشن یان ئەندامانی بنەماڵەکانیان و، یان نوێنەرانیان دابمەزرێندرێن، هاوکاتیش بەهێزکرێن. حکومەتەکان پێویستە لە داڕشتنی سیاسەتی کەمئەندامیدا، دان بە دەوری ئەو ڕێکخراوانەدا بێنن.

(2
حکومەتەکان، پێویستە پێوەندی بێوچانیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کەمئەنداماندا هەبێ و، ئەوەی دەستەبەر بکەن کە ئەوان دەتوانن لە شکڵپێدانی سیاسەتی گشتیدا بەشدار بن.

(3
دەوری ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان دەتوانێ ناساندنی نیاز و ئەولەوییەتەکان بێ و، لە داڕشتنی بەرنامە، بەئەنجامگەیاندن و هەڵسەنگاندنی پشتیوانی وخزمەتگوزاری و، چارەسەرییەکانی تردا بەشدار بن کە پێوەندی بەو خەڵکانە و ژیانی ئەوانەوە هەیە کە تووشی گرفتی کار کردنی لەشن. دەوری ئەوان دەتوانێ هەروەها بەرز کردنەوەی ئاستی زانیاری گشتی بێ و، بوونی زمانحاڵی گۆڕانکارییەکانی پێویست بێ.

(4

وەک پشتیوانییەک لە ئاست خۆیارمەتیدان، ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان پشتگری دەکرێن و، لە بوارە جیاوازەکانی گەشەسەندنی زانیاری، پشتگری دوولایەنەی نێوان ئەندامان و گۆڕینەوەی زانیاری، پێش دەخسترێن.

(5

ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان، دەتوانن دەورێکی ڕاوێژکارانە بە زۆر شێوەی جۆربەجۆر بە خۆوە ببینن، بۆ وێنە هەبوونی هەمیشەیی نوێنەرێک لە بەڕێوەبەریی ئۆرگانە داراییەکانی دەوڵەتیدا، لە ڕێگەی بەشداری کردن لە ڕەوتی هەڵسەنگاندنە ڕەسمییەکاندا و، لە ڕێگەی یارمەتیدان بە شێوەی تێخزانی لێزانەکانیان لە پرۆژە جۆراوجۆرەکاندا.

(6

ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان، پێویستە دەورێکی ڕاوێژکارانەی بێوچانیان هەبێ لە ڕەوتی کار کردن لە پێناوی گەشەپێدان و قووڵ کردنی گۆڕینەوەی بۆچوون و زانیارییەکان، لە نێوان دەوڵەت و ڕێکخراوەکاندا.

(7

ڕێکخراوەکان، پێویستە بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە کۆمیتەی هاوئاهەنگی یان لە ئورگانی هاوسەنگدا نوێنەرایەتیان هەبێ.

(8

دەوری ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان لە ڕێژەی ناوچەدا پێویستە بە شێوەیەک پەرەی پێبدرێ و بەهێزکرێ، کە ئەوان بتوانن لە ڕێژەی شارەوانیەکاندا کارتێکەریان لە سەر مەسەلەکان هەبێ.

**قانوونی 19، ڕاهێنانی کارمەندان**

حکومەتەکان، لەوەدا بەرپرسن کە لە هەموو ڕێژەیەکدا فێر کردن و ڕاهێنانی گونجاو هەبێ بۆ هەموو کارمەندێکی کە لە داڕشتن و، بەئەنجامگەیاندنی بەرنامە و خزمەت بە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش بەشداری دەکەن.

(1

حکومەتەکان، پێویستە ئاگادار بن کە هەموو کاربەدەستانێکی لە بواری کەمئەندامیدا خزمەتدەکەن، فێر کردن و ڕاهێنانی گونجاو بە کارمەندەکان پێشکەش بکەن.

(2

پرینسیپی ئاست بەشداری و یەکسانییەکی تەواو، پێویستە لە ڕەوتی هەموو خولەکانی فێر کردنی کاردا لە بواری کەمئەندامیدا ڕەنگ بداتەوە، هەروەها لە هەموو دابەشینێکی زانیاری ئاست کەمئەندامی لە فێر کردن و ڕاهێنانی گشتیشدا.

(3

حکومەتەکان، پێویستە بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان پەرە بە ڕاهێنان بدەن. کەسانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش پێویستە وەک مامۆستا، هاوکاری مامۆستا یان ڕاوێژکار لە ڕەوتی ڕاهێنانی کارمەنداندا، بەشدار بن.

(4
فێر کردن و ڕاهێنانی کارمەندان لە ڕێژەی ناوچەدا قورساییەکی تایبەتی هەیە، بە تایبەت لە وەڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندندا. خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش پێویستە لە دەورەی ڕاهێنانەکەدا بەشدار بن، کە ناوەڕۆکی ئەو دەورانە بریتی بێ لە هەڵسەنگاندن، توانایی و لێزانینی تەکنیکی، بە هەمان شێوە ئەو زانیارییە پراکتیکیانەی کە دەتوانێ سوودی بۆ خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش، دایک و باوک، بنەماڵەکانیان و هاووەڵاتییەکانی دیکە هەبێ.

قانوونی 20، هەڵسەنگاندن و نرخاندنی نەتەوایەتیی بەرنامەی کەمئەندامی لە پێوەندی لەگەڵ جێبەجێ کردنی قانوونە ستانداردەکاندا

حکومەتەکان، بەرپرسی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی بەرنامەکانی نەتەوەیی و خزمەتەکانن، بۆ ئەوەی بەشداری و یەکسانی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەستەبەر بکەن.

(1
حکومەتەکان، پێویستە بە شێوەی دایم و سیستماتیک، بەرنامەی کەمئەندامی لە ڕادەی نەتەوەییدا بنرخێنن و، زانیاری ئاست بنچینەکان و دەرەنجامی نرخاندنەکە بڵاو بکەنەوە.

(2
حکومەتەکان، پێویستە ئەو زاراوانە هەڵبژێرن و پەرەیپێبدەن کە بەکەڵک و سوودن و، هەروەها ئەو پێوەرانە ڕەچاوکرێن کە چاوەڕوانی بەجێهێنانی مەرجەکانیان لێ دەکرێ، کاتێک بەرنامەی کەمئەندامی و خزمەتەکان دەنرخێندرێن.

(3
ئەو زاراو و پێوەرانە، پێویستە لە پلەیەکی سەرەتایی لە داڕشتنی بەرنامەدا و، بە هاوکاری پتەو لەگەڵ ڕێکخراوی کەمئەندامان کەڵکیان لێوەرگیرێ.

(4
حکومەتەکان، پێویستە لە هاوکاری نێونەتەوەییدا بەشداری بکەن، هەتا سیستمێکی هاوبەشی نرخاندن لە ڕادەی نەتەوەیی بواری کەمئەندامیدا گەشەی پێبدرێ. حکومەتەکان، پێویستە کۆمیتەکانی هاوئاهەنگیی هان بدەن لەو کارەدا بەشدار بن.

(5
پێویستە بۆ نرخاندنی بەرنامەی جۆراوجۆر لە بواری کەمئەندامیدا ئەو کاتە یەک مێتود ڕەچاو بکرێ، کە ئەو چەشنە بەرنامانە دادەڕێژرێن، بۆ ئەوەی یەکبوونی ئامانجی بەرنامەکە بتوانرێ بنرخێندرێ.

**قانوونی 21، هاوکاری تەکنیکی و ئابووری**
حکومەتەکانی، هەم وەڵاتانی پیشەیی و هەم وەڵاتانی گەشەسەندوو، بەرپرسایەتییەکیان وەئەستۆیە کە پێکەوە بارودۆخی ژیان بۆ کەسانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش لە وەڵاتانی گەشەسەندوودا باشتر بکەن.

(1

ئەو چارەسەریانەی بە مەبەستی بە ئاکام گەیشتنی بەشداری و یەکسانی خەڵکانێکی تووشی گرفتی کار کردنی لەشن و، هەروەها پەنابەرانێکی تووشی گرفتی کار کردنی لەشن، پێویستە لە بەرنامەی پەرەسەندندا کاری لە سەر بکرێ.

(2

چارەسەرییەکی ئاوا، دەبێ هەموو شێوەکانی هاوکاری بگرێتەوە، هەم شێوەی تەکنیکی و هەم ئابووری، هەم لە نێوان دوو حکومەت و هەمیش لە نێوان چەندین حکومەتاندا، هەم لە دایرە دەوڵەتییەکان و، هەم لە دایرە تایبەتیەکاندا. حکومەتەکان پێویستە مەسەلەکانی ئاست کەمئەندامی لە تەک ئەو حکومەتانەی هاوکارییان هەیە، بهێننە بەر باس و لێدوان.

(3

لە بواری دارشتنی بەرنامە و بەراورد کردنی هاوکاریی تەکنیکی و ئابووریدا، پێویستە سەرنجی تایبەت بدرێتە ئاکامەکانی ئەو چەشنە هاوکارییانەی تووشی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەبێ. ئەوە یەکجار گرینگە کە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش و ڕێکخراوەکانیان، لە ئاست پرۆژەکانی پەرەپێدان کە ئەوان دەگرێتەوە، ڕاوێژیان لەگەڵ بکرێ. ئەوان پێویستە ڕاستەوخۆ لە ڕەوتی پەرەسەندن، دەکارهێنان و بەراورد کردنی پرۆژەی لەو بابەتەدا، چالاک بن.

(4

ئەو بوارانەی لە ئاست هاوکاری تەکنیکی و ئابووری پێویستە وەپێشخرێن بریتین لە:

ئا) گەشەپێدانی سەرچاوەکانی مرۆیی لە ڕێگەی پەرەپێدانی ئەو توانایی، زانیاریی و هێزەی کە خەڵکانێکی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش هەیانە، هەروەها لە ڕێگەی هەنگاوهەڵێنان لە پێناو چارەسەرییەکانی کارخوڵقێنەر.
ب) گەشەپێدان و بڵاو کردنەوەی تەکنیکی گونجاو و، لێزانانی بواری مەسەلەکانی کەمئەندامی.

(5

حکومەتەکان، هەروەها هاندەدرێن کە پشتگری ساز کردن و دەستەبەر کردنی ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان بن.

(6

حکومەتەکان، پێویستە ئەو ڕێگە چارەسەریانە ڕەچاو بکەن، کە زانیاری ئاست مەسەلەکانی کەمئەندامان لە لای ئەو کەسانەی لە بواری بەرنامەی هاوکاری تەکنیکی و ئابووری کاردەکەن، باشتر بکا.

**قانوونی 22، هاوکاریی نێونەتەوەیی**

حکومەتەکان، لە بواری چارەسەریی دەستەبەر کردنی بەشداری و یەکسانی خەڵکانی کە تووشی گرفتی کار کردنی لەش هاتوون، دەبێ چالاکانە لە هاوکاری نێونەتەوەییدا بەشداری بکەن.

(1

حکومەتەکان پێویستە لە شکڵپێدانی سیاسەتی کەمئەندامی لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئۆرگانی یەکێتییەکەی و ڕێکخراوە نێوان دەوڵەتییەکانی تردا بەشداربن.

(2

لە کاتی ڕەخساودا حکومەتەکان پێویستە لە وتووێژەکانی ئاست ستانداردەکان، گۆڕینەوەی زانیاری، گەشەپێدانی بەرنامەکان و هتد، هەڵگری بۆچوونەکانی کەمئەندامی بن.

(3

حکومەتەکان پێویستە گۆڕینەوەی زانیاری و ئەزموونەکان هان بدەن و پشتیوانی بکەن لە نێوان:
ئا) ڕێکخراوە خۆبەخشەکانێکی لەگەڵ مەسەلەکانی کەمئەندامی کاردەکەن،
ب) ئەنیستیتۆکانی تۆژینەوە و، تۆژینەرەکانی سەربەخۆی تاک کە لە ئاست مەسەلەکانی کەمئەندامیدا خەریکی لێکۆڵینەوەن،
پ) نوێنەرانی بەرنامەکانی ناوچەیی و ئەو گرووپانەی لە بواری کەمئەندامیدا کاردەکەن،
ت)ڕێکخراەکانی کەمئەندامان،
ج) کۆمیتەکانی ڕێکخستن،

(4

حکومەتەکان، پێویستە ئەوەی دەستەبەربکەن کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئۆرگانی یەکێتی سەر بەو، وەک هەموو ئۆرگانە نێودەوڵەتییەکان و ئۆرگانەکانی پارلەمان لە پلەی جیهانی و، هەریمیدا لە چوارچێوەی کاری خۆیاندا، ڕێکخراوەکانی جیهانی و هەریمیی چالاک لە بواری خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەشدا لەبەرچاوبگرن.

**چاوەدێری و نرخاندن**

(1

مەبەست لە چاوەدێری و نرخاندن ئەوەیە کە جێبەجێ کردنی کارتێکەرانەی قانوونە ستانداردەکان بەرەوپێش بچێ. چاوەدێری و نرخاندن، حکومەتەکان لە چۆنایەتی ڕەچاو کردنی قانوونەکان و، هەروەها لە پێوانی بەرەوپێشچوونی هەنگاوەکان یارمەتیدەدا.
چاوەدێری کردن پێویستە ئاکامەکەی ئەوە بێ کە گیروگرفتەکان دەستنیشان بکا و، ڕێگە چارەسەریی گونجاو پێشنیار بکا کە بتوانێ بە شێوەیەکی پێشکەوتوانە یارمەتیدەری بە ئەنجامگەیاندنی قانوونەکان بێ.
چاوەدێری پێویستە سەرنج بداتە پێوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان لە نێو هەر حکومەتێکدا. ئەرکێکی گرینگ کە ئەویش دەبێ لە چوارچێوەی چاوەدێریدا بگونجێندرێ، بریتییە لە ڕاوێژکاری و گۆڕینەوەی ئەزموون و زانیارییەکانە لە نێوان حکومەتەکاندا.

(2

قانوونە ستانداردەکان دەبێ لە چوارچێوەی ئەو کۆبوونەوانەی لە لایەن کۆمیسیۆنی گەشەپێدانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە دەگیرێ، درێژەی پێبدرێ. دەبێ ڕاپۆرتدەرێکی خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەند لە ئاست مەسەلەکانی کەمئەندامی و، ڕێکخراوی نێونەتەوەییەکانەوە بۆ ماوەی قۆناخێکی سێ ساڵە تەرخان بکرێ، کە جێبەجێ کردنی قانوونە ستانداردەکان چاوەدێری بکا. ئەو کارە، ئەگەر زانرا کە پێویستە، لە کەرسەی دەرەوەی بودجەی ئاساییەوە باری داراییەکەی دابیندەکرێ.

(3

ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی لە پلەی ڕاوێژکاریدا لە لێژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا و، ئەو ڕێکخراوانەی سەر بە خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەشن و، هێشتا دەستیان بە دامەزراندنی ڕێکخراوەی خۆیان

نە کردوە، پێویستە داوایان لێبکرێ کە خۆیان کۆبوونەوەیەکی لێزانان سازبکەن، کە تێیدا ئەو ڕێکخراوانەی نوێنەرایەتی خەڵکانی خاوەن گرفتی کار کردنی لەش دەکەن، دەبێ زۆرینەیان هەبێ. کاتێک کۆبوونەوەی لێزانان ساز دەکرێ، دەبێ هەموو چەشنێکی گرفتی کار کردنی لەش و، دابەشینێکی دادپەروەرانەی جوگرافیایی لەبەرچاو بگیرێ. کۆبوونەوەکە، دەبێ لەگەڵ ڕاپۆرتدەری تایبەت و، لە کاتی پێویستدا لەگەڵ سکرتارییەت ڕاوێژکاری بکا.

(4

کۆبوونەوەی لێزانان، دەبێ لە لایەن ڕاپۆرتدەری تایبەتەوە داوایان لێ بکرێ کە لە ئاست پێشکەش کردنی ڕاوێژ، بۆچوون و تێڕوانین لە پشتگری کردن، جێبەجێ کردن و چاوەدێری کردنی قانوونەکان، لێکۆڵینەوە بکرێ.

(5

ئەو ڕاپۆرتدەرە، دەبێ ژمارەیەک پرسیار بۆ حکومەتەکان، ڕێکخراوەی ناو سیستەمی نەتەوەیەکگرتوەکان و، ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە خۆبەخشەکان و، لەوانە ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان بنێرێ. پرسیارەکان دەبێ بواری جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی قانوونە ستانداردەکان نیشانە بگرێ. کاتێک پرسیارەکان ئامادە دەکرێن، دەبێ ڕاپۆرتدەرەکە لەگەڵ کۆبوونەوەی لێزانەکان و سکرتاریەت ڕاوێژکاری بکا.

(6

ئەو ڕاپۆرتدەرە تایبەتییە، دەبێ تێبکۆشی هەم لەگەڵ حکومەتەکان و، هەمیش لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە خۆبەخشانەی ناوچەیی لێدوان پێکبێنی، لە ڕێگەی داوا کردنی بۆچوون و، لێکدانەوەکانیان لە ئاست ئەو زانیاریانەی لە ڕاپۆرتەکەدا دێن.

ڕاپۆرتەکە دەبێ بە دانی ڕێنوێنی لە ئاست چۆنییەتی جێبەجێ کردن و، بەڕێوەچوونی قانوونە ستانداردەکان یارمەتی بکا و، بە کار کردن بۆ دیتنەوەی وەڵامەکان یارمەتی بگەیەنێ.

(7

زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان لە کاتی جێبەجێ کردن و بەڕێوەچوونی قانوونە ستانداردەکان لە وەڵاتانی ئەندامدا، دەبێ لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتدەرە تایبەتییە هاوکاری بکەن، وەک: بەشی سکرتاریاتی نەتەوەیەکگرتوەکان تایبەت بە هاوئاهەنگی ڕێباز و گەشەپێدانی بەردەوام، کاربەدەستانی هاوئاهەنگکاری مەسەلەکانی کەمئەندامی لە نێو سیستەمی نەتەوەیەکگرتوەکاندا، ئۆرگانی بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوەیەکگرتوەکان(UNDP) و، ئۆرگانەگانی تری نێو سیستەمی نەتەیەکگرتوەکان، وەک کۆمیسیۆنەکانی هەرێمیی، ئۆرگانی یەکێتیەکان، هەروەها کۆبوونەوەی هاوئاهەنگی نێوان ئۆرگانە جیاکانی نەتەوەیەکگرتوەکان چالاک لە بواری کەمئەندامیدا.

(8

ئەو ڕاپۆرتدەرە تایبەتییە، دەبێ بە یارمەتی سکرتاریات لە سەر ڕاپۆرت بۆ سی و چوار و سی و پێنجەمین کۆبونەوەی کۆمیسیۆنی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کار بکا. ڕاپۆرتدەرەکە دەبێ لەگەڵ کۆبوونەوەی لێزانان لە ئاست گەڵاڵە کردنی ڕاپۆرتەکەدا ڕاوێژکاریی بکا.

(9

حکومەتەکان، پێویستە کۆمیتەکانی نەتەوەیی یان ئۆرگانی لەو چەشنە هان بدەن کە لە ڕەوتی جێبەجێ کردن و هەڵسەنگاندنی قانوونە ستانداردەکاندا بەشدار بن. ئەو چەشنە کۆمیتانە، کە بەرپرسی

مەسەلەکانی کەمئەندامین لە ڕادەی نەتەوەییدا، پێویستە هان بدرێن کە ڕەوتێک بۆ هاوئاهەنگی چاوەدێری کردنی قانوونە ستانداردەکان بخولقێنن.
ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان پێویستە هان بدرێن کە لە ڕەوتی چاوەدێری کردندا، چالاکانە لە هەموو پلەکاندا بەشدار بن.

(10

ئەگەر بێتوو بتوانرێ سەرچاوەکان لە دەرەوەی بودجەی ئاسایی ئامادە کراین، پێویستە کەسێک یان کەسانێکی ڕاوێژکاری هەریمیی، تەرخان بکرێن کە ئەرکی سەر شانیان یارمەتیدانی حکومەتەکان بێ بە:

ئا) بەرپا کردنی سمینار لە ئاستی نەتەوەیی و هەریمیدا دەبارەی ناوەڕۆکی قانوونە ستانداردەکان؛
ب) گەشەپێدانی ڕێبازی جێبەجێ کردنی قانوونە ستانداردەکان؛
پ) بڵاو کردنەوەی زانیاری لە ئاست ئەوە کە چۆن قانوونە ستانداردەکان بە شێوەیەکی باشتر جێبەجێدەکرێ.

(11

کۆمیسیۆنی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پێویستە لە سی وچوارەمین کۆبوونەوەی خۆیدا، گرووپێکی کار پێک بێنێ کە دەبێ دەقی ڕاپۆرتی ڕاپۆرتدەرە تایبەتییەکە هەڵسەنگێنێ و، لە ئاست چونیەتی باشتر بەئەنجامگەیاندنی قانوونە ستانداردەکان ڕێنونی ڕاسپێرێ.
لە بواری هەڵسەنگاندنەکەدا، پێویستە ڕێکخراوە نێونەتەوەیی و ئۆرگانەکانی سەربە یەکێتی ڕاوێژیان لەگەڵ بکرێ، بە گوێرەی قانوونەکانی 71 و 76ی ڕەوتی قانوونی کۆمیسیۆنەکانی لێژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

(12

لە کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی گەشەپێداندا، پاش ئەوەی کە ماوەی قانوونی ڕاپۆرتدەری تایبەتی بەسەرچوو، دەبێ کۆمیسیۆن لەو ئیمکانە بکۆڵێتەوە، یان ئەوە کە ئەو کەسە دیسان دیاری بکرێتەوە، یان ڕاپۆرتدەرێکی دیکە دابنێ، یان چەشنێکی تری چاوەدێری کردن بەراورد بکرێ. دوایە دەبێ کۆمیسیۆن ڕاسپاردەی گونجاو بخاتە بەردەستی لێژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

(13

حکومەتەکان، پێویستە هان بدرێن کە یارمەتی بگەیەننە بەشی بانکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان تەرخانکراو بۆ کەمئەندامان، لە پێناوی بەرەو پێشبردنی جێبەجێ کردنی قانوونە ستانداردەکان.

وەگێڕان لە سویدییەوە: قاسم ڕەیانی
2005/06/19، ستۆکهۆڵم، سوید

Standardregler för att tillförsäkra människor med funktionsnedsättning delaktighet och jämlikhet

قانوونە ستانداردەکان بۆ دەستەبەر کردنی بەشداریی و یەکسانیی مرۆڤانی خاوەن گرفتی کار کردن
چاپی: 1988 ،1955
ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان